لەبڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com

# چۆن ..............

# ماڵەكەت دەپارێزی لە شەیطان ؟

كۆكردنەوەو واتاكردنی:
**م. فەرەیدون موحەممەد**

چاپی یەكەم
١٤٣١ كۆچی ٢٠١٠ لەدایك بوون

## پێناسەیەک بۆ نامیلکەکە

**نـاوی نامیلكه :** چۆن ماڵەكەت دەپارێزی لە شەیتان ؟

**نـــــاوەڕۆك :** ئـاداب .

**ئامادەكـــــار:** م. فەرەیدون موحەممەد .

**ســـاڵی چاپ :** ١٤٣١ كۆچی – ٢٠١٠ لەدایك بوون .

**شوێنـی چاپ :** چاپخانەی (( **سیما** )).

**نورەی چاپ :** چاپی دووەم .

**تـــــیراژ:** ١٠٠٠ دانە .

**ژمارەی سپاردن :** ( ١٤٣٥ ) ساڵی ٢٠٠٨ پێدراوە .

**نەخشەسازی بەرگ :** شاكار بۆپەخشی ڕوناكی.

**مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە .**

## پێشکەشە بە ...

* سـەروەری مرۆڤایـەتی پێغەمبـەری خـوا موحەممـەد (ﷺ) کـە پێشەنگی بەختەوەری و خەمخۆری مرۆڤایەتی یە لەسەر زەوی.

* ئـەو خێزانـە بەڕێزانـەی کـە بـەردەوام لـە هـەوڵی چـاککردن و پاککردنەوەی ماڵەکانیانن لەو شتانەی کە دەبنە هۆکـار بـۆ خۆشـحاڵ بوونی شەیتان .

* ئەوکەسـانەی کـە لـە کۆشـشی بەردەوامـدان بـۆ هێنانـە دی خۆشبەختی و ئاسوودەیی مرۆڤایـەتی لـە هـەر شـوێنێك بـن، وە بـێ باکیشن لە لۆمەی لۆمەکاران

* ئەوخوشك و برا دڵسۆزانەی کە ئارەزوومەنـدن ئـەم کتێبـەو هـەموو کتێبە بەنرخ و پاك و چاکەکان لە ماڵەکاندا بڵاو ببێتەوە .

* ئەوماموّسـتاو بانگخوازانـەی کەهەمیـشە ئاگـادار کـەرەوەو وشـیار کەرەوەی تاکەکانی کۆمەڵن بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی .

* ئـەو کەسـانەی کـە تامـەزرۆی ئـەوەن لەسـەر ڕێبـازی پێـشینە چاکەکانی ئەم ئوممەتە بڕۆن .

*پێشکەشە بە تۆی خوێنەریش لە شوێنێك بیت .

أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ

﴿ أَلَمۡ أَعۡهَدۡ إِلَيۡكُمۡ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعۡبُدُواْ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٦٠﴾ وَأَنِ ٱعۡبُدُونِيۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ﴿٦١﴾ وَلَقَدۡ أَضَلَّ مِنكُمۡ جِبِلّٗا كَثِيرًاۖ أَفَلَمۡ تَكُونُواْ تَعۡقِلُونَ ﴾.

( سورة يس : ٦٠-٦٢)

واتە: ئەی نەوەی ئادەم ئایا ئامۆژگاریم نەکردن (پەیمانم لێ وەرنەگرن کە شەیتان نەپەرستن ،لەبەرئەوەی بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئێوەیە ، ئەی ئامۆژگاریم نەکردن کە تەنهامن بپەرستن کە ئەمە تاکە ڕێگای ڕاستە ، دەی سوێند بێت بێگومان شەیتان خەڵکێکی زۆری لە ئێوە گومڕا کردووە ، ئایا بۆ ئیتر بیر ناکەنەوە و ژیریتان ناخەنە کار .

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

## پێشەکی

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ من شُـرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِـنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْـهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾.

(سورة آل عمران: ١٠٢)

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾.

(سورة النساء : ١)

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾. (سورة الأحزاب :٧٠ ـ ٧١)

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

**دەستپێـــك** .......... السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

پێش هەموو شت سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆئەو خوایەی کە بەرنامەی ژیانی لە دووتوێی قورئانی پیرۆزو فەرموودە بەرێزەکانی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بۆ کۆکردوینەتەوەو رێنومویێنی تەواوی بۆ کردوین ،هەروەها سلاوو رەحمەت و بەرەکەتی خوا لە سەر ئەو پێغەمبەرەی (ﷺ) کە هەموو ژیانی لە پێناو مرۆڤایەتیدا بە خت کرد ئەو پێشەوایەی (ﷺ) کە خوای گەورە و بێ هاوەڵ رەوانەی کرد وەك مامۆستاو پەروەردە کارو خەمخۆری (( مرۆڤ و جن )) هەروەها رەزاو رەحمەتی خوا لەسەر هاوەڵانی بەرێزی و شوێن کەوتوانی تا رۆژی دوایی ، کە بەراستی ئەوانە نمونەی وەفاداری و چاکی و ئازایەتی بوون لە گەیاندنی ئەم دینە چاك و پاکەدا خوێنەری بەرێز...ئەم کتێبەی لە بەر دەستتدایە بەری رنجی چەندین ساڵەی زانایانی پێشینەودەساو دەس تا گەیشتووە بە ئێمە ، بۆیە پێویستە کە ئەو رەنج و ماندوو بوونەی زانایان بە هەدەر نەروات و بەرێزیشت سوود مەند بیت لە زانیاری و راو بۆچوونیان ، بە پێویستمان زانی کە ئەم بابەتە بەناوی ( چۆن ماڵەکەت دەپارێزی لە شەیتان ؟ ) بکەینە دیاریەك بۆ بەرچاوی تۆی خوێنەر ، کە خۆی لە چەند رێنومویێنی و ئامۆژگاری و ئاگادار کردنەوەیەکدا دەبینێتەوە بۆ خۆپاراستن لە

شەیتان بەتایبەتی لەنێو (ماڵ)دا .....،چونکە لەڕاستیدا کومەلێك خوو نـەریت و هەڵـسوکەوت و ئـادابێکی خـوارو خـێچ وپـڕو پـووچ هـەن کەپێویسته گۆڕانکاری بە سەردا بێـت وماڵـەکانی لـێ پـاك بکرێتـەوەو نەهێڵرێت.هەروەك خوای گەورە پێش هەموو شتێك ئەو شەیتانەی بـە دوژمنی (مرۆڤ و جن)ناساندووە کـە دەفـەرموێت ﴿ إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوّاً إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾ فـاطر:٦ واتـە/بەڕاسـتی شـەیتان دوژمـنی ئێوەیـە ، دەی ئێـوەش بـە دوژمنی خۆتانی دابنێن . وە ئـەو بانگـەوازی گـرۆی خـۆی دەکـات تـا بیانباتە نێو دۆزەخەوە.

جا بۆیە کەم کەس هەیە لەم دونیایەدا دوژمنێکی سـەرەکی و دێـرینی نەبێ دوژمنێك سەرسەخت و کارامەو فێڵباز بـۆ خـۆی و دەورووبـەری، کام دوژمن ؟؟ ئەو دوژمنەی کە نیشتە جێـی نێـو دڵ و دەروونـەو بـە خوێن و دەماردا هاتوو چۆ دەکات ،ئەو دوژمنـەی کـە شـوێن کەوتـەو تەڵەکـەو فریـودانی زۆرە ،وەك خـوای گـەورە ئاگادرمـان دەکاتـەوەو دەفەرموێت﴿يَا بَنِي آدَمَ لاَ يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ﴾ (سورةالأعراف: ٢٧) واتـە/ ئەی نـەوەی ئـادەم ئاگـادرو وشـیاربن باشـەیتان سەرشـۆڕو فریوتـان نەدات و تووشی بەلآو ناهەمواریتان نەکات . بۆیە گومانی تێدا نیە کـە

دوژمنایـەتی شـەیتان بۆنـەوەکانی ئـادەم بەردەوامـەو گۆڕنکـاری بـە سەردانایات ،ئەمەش لە جۆری ئەو حەسوودیەوەی سەرچاوە دەگرێت کە خوای میهرەبان لـە ڕەحمـەتی خـۆی وەدەری نـاو لـە بـە هەشـتی پڕلەنازو بەخشش بێ بەشی کرد، تەنها کەسیش کە هۆکار بوو بۆ ئەم لـە ڕحەمـەت دەرچـوونەی بـاوکی بـەڕێزمان ئـادەم (ﷺ) بـوو ،بۆیـە إبلیس(نەفرەتی خوای لێبێت )بەردەوام لە بۆسـەو تۆڵەسـەندنەوەدایە و دەیـەوێت تۆڵـەی ئـەو ئابڕوچـوونەو لـە ڕەحەمـەت دەرکردنـەی لەئێمـەی نـەوەی ئـەو باوکـە (ئـادەم) بکاتـەوە ، کەواتـە پێویـستە لەسەرمان کە دوژمنایەتی خۆمان لە بەرامبەر ئەو دوژمنـە ڕابگەیـەنین و هەمیشە لەبەرپەرچ دانەوەیدابین لە هەموو کـۆڕو کۆبوونـەوەومالّ و شوێنە گشتیە کاندا ئێستا ماوەتەوە ئەوەی کە بڵێین(مەلائیکـەکان)ی خـوا هـەموویان چـاکترین و پـاکترین دروسـتکراوی خـوان وە ئـەوەی لێیان چاوەڕوان دەکرێت تەنها فەرمان کردن بە چاکەیەو شتی پاکیش داوا دەکـەن، لـە هـەمان کاتیـشدا دەتـوانین بڵـێین( شـەیتانەکان) پیـسترین و خـراپترین و بـەدکارترین دروسـتکراوی خـوان وە ئـەوەی لێیان چاوەڕاون دەکرێت تەنها فەرمان کردنە بە خراپەو شتی چەپەڵ داوا دەکـەن، لـەم نێوەندەشـدا ( مـرۆڤ ) خـاوەنی ویـست و ئـیرادەو

بیرکردنـەوەی خۆیـەتی بۆیـە دەتوانێـت بـە ئـارەزووی خـۆی ڕێگـای کامیان هەڵبژێرێت کە ڕێگاو شوێنکەوتوانی هەردوو لا دیارو ئاشکرایە، ئەگەر شوێن ڕێگـەی چـاکەکاران کـەوت ئـەوە بێگومـان ( بەهەشـت ) جێگەیـەتی، وەئەگـەر شـوێن خراپـەکارانیش کـەوت ئـەوە بێگومـان خـراپترین شـوێن جێگەیـەتی کـە ئـەویش ( دۆزەخ )ە .وەلەسـەرووی ئەمانەشەوە خوای گەورەو میهرەبان ئاگاداریـەك ڕەوانـەی مرۆڤـەکان دەکـات بـەوەی کـە دوای شـەیتان نەکـەون، چـونکە شـەیتان و هاودۆسـتەکانی تـەنها بـۆ تـاقی کردنـەوەی مرۆڤـەکانن ، بـۆ ئـەوەش خوای گەورە یاد و پەرستشێکی زۆری داناوە تا بەنـدەکانی خـوا جـێ بەجێی بکەن بۆ ئەوەی کە پارێزراوبن لە شـەیتانی نـەفرین لـێ کـراو، چونکە خوای گەورە شەیتانی ئاگادار کردۆتەوە کە دەسەڵاتی بەسـەر هەمووکەسدانیە جگـە لـە گومڕایـان و شـوێن کـەوتوانی ، وەك خـوای میهرەبـان دەفـەرموێ: ﴿إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلاَّ مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ﴾الحجر:٤٢ واتـە: بەڕاسـتی ئـەی شـەیتان تـۆ دەسەڵاتت بەسەربەندە چاکەکانی مندا نیە ،تـەنها ئەوانـە نـەبێت کـە خۆیـان گـومڕان و شـوێن تـۆ کـەوتوون . جـا داواکـارم لـە خـوای بەخـشندەوخاوەن دەسـەڵات کـە هـەموو لایـەك بپارێزێـت لـە لـەو

شەیتانەی کە شەوو ڕۆژ لەهەولاّیەو خەباتی بەردەوامە بۆ گومڕاکردنی بەندەکانی خـوا بـە ( مـرۆڤ و جـن ) ەوە ،وەهیـوادارم ئـەم بابەتـەش ببێتە جێی ڕەزامەندی خوای بەرزو بێ وێنەو خوێنەری بـەڕێزیش لێـی سوود مەند بێت ، هەروەها خوێندنەوەو جـێ بـەجێ کردنیـشی ببێتـە مایەی وەدەرنان و سەرشۆڕکردنی شەیتان . خوای گەورەش پاداشتی خوێنەرو جێ بەجێ کەرو بلاّوکەرەوەی ئـەم بابەتـە بداتـەوە بـەڕزگار بوون لە ئاگری بلێسەداری دۆزەخ و چوونە نێو بەهەشتی پڕلە خۆشی و نازونیعمەت.﴿هَذَا بَلاَغٌ لِّلنَّاسِ وَلِيُنذَرُواْ بِهِ وَلِيَعْلَمُواْ أَنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ وَلِيَذَّكَّرَ أُوْلُواْ الأَلْبَابِ ﴾ (إبراهيم : ٥٢)

✍ م.فەرەریدون موحەممەد
ناحیەی تەکیە

## شەیطان کێ یە ؟

شـەیتان: بـریتی یـە لـە دروسـتکراوێکی خـوای گـەورەو میهرەبـان، ڕاستیەکی بێ گومانە ،بـیرو ڕایـەکی خـراپ و وەسوەسـە نیـە، بـەڵکو شەیتان بوونی هەیـەو لـە جیهـانی (جنۆکەکانـە ) خـۆی یـەکێك بـووە لەوانەی لە ڕەگـەزی جـن بـووەو مەلائکـە نـەبووە، هـەروەها لـە ئـاگر دروسـت بـووە ،هـەر بۆیـە بـەهۆی زیـاد بەندایـەتی کردنـی بـۆ خـوای گەورە لە ئاسمـان لەگـەڵ مەلائکـەکانی خـوادا بەندایـەتی دەکـرد، وە شەیتان چووەتە بەهەشت و بەهەشتی بینیـوە ،پاشـان فـەرمانی پـێ کرا کە کە سەجدەی ڕێز بەرێت بۆ مرۆڤ (ئادەم )سەلامی خوای لێبێت ،بەڵام ئەو سەجدەی ڕێزی نـەبرد، کـە ئـەویش لەبـەر دوو هۆکـاربووە ،یەکەم : حەسوودی ، دووەم : خۆبەزل زانـین ،ئـیتر ئـەوەبوو خـوای گـەورە لـە ڕەحمـەتی خـۆی وەدەری نـا .شـەیتان لـە بنـچینەوە لـە ووشـەی ( شـــطن ) ەوە هـاتووە واتـە ( ابتعـــد ) دوور کەوتـەوە لـە ڕەحەمەتی خوا یاخوود بەمانای ( کل عات ومتمـــرد ) واتـە (هـەموو لووت بەرزو خۆبـەزل زان و دڕو زۆردارو سـەربە گۆبەنـدو سـەرکێش و یـــاخی و مـــانگرتوو و ملـــهوڕو سەرپێـــچی کـــەرێك) دێـــت ، کەواتـــە شەیتانەکان زۆرن سەرکردەو پێـشڕەویان نـاوی ( إبلـیس)ە بێگومـان

ئەم ناوەش لەوەوە هاتووە واتە ( إبلاس ) کەسێکی نائومێدو بێ هیوا کە لەزمانی عەرەبیدا بە کەسێك دەوترێت هیچ خێرو چاکەو پیاوەتیەکی لێ چاوەڕوان نەکرێت ،هەروەك زۆربەی زانایانی پێشین ( ڕەحمەتی خوایان لێبێت) کۆڕان لەسەر ئەوەی کە شەیتان پێش ئەوەی لە ڕەحمەت دەربکرێت خۆی ناوی ( عزازیل ) بووە خوای گەورەش زاناترە [١] هەروەها إبن جرير الطبري (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: ( الشيطان في كلام العرب كل متمرد من الجن والانس والدواب وكل شيء )[٢] واتە: شەیتان لە زمانی عەرەبیدا بە هەموو کەسێکی یاخی و لووت بەرزو ملهوڕ لە جنۆکەو مرۆڤ و گیانەوەرو هەموو شتێکی تر کە ئەمانەی تێدا بێت دەوترێت .کەواتە ئێستا هیچ مرۆڤێك نیە کە شەیتانێکی لە گەڵدا نەبێ ،تەنانەت پێغەمبەرانی خوا (ﷺ) شەیتانێکیان لە گەڵدابووە هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نِبِيٍّ عَدُوّاً شَيَاطِينَ الإِنسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُوراً ﴾ [الأنعام : ١١٢].

---

(١) عالم الجن والملائكة د.عمرسليمان الاشقر ص١٦.

(٢) لسان العرب( ١/٢٥٢).

**واتە: هەر بەو شێوەیە ئێمە بۆ هەموو پێغەمبەرێك (ﷺ) دوژمنێکمان داناوە لە شەیتانەکانی (مرۆڤ) و (جن )، کە بەنهێنی ووتەی ڕازاوەو بریقەدار بەیەك ڕادەگەیەنن بۆ فریودانیان،** (عن عبدالله بن مسعود قال، قال رسول الله صلى الله عليه وسلم ما منكم من أحد إلا وقد وكل به قرينه من الجن وقرينه من الملائكة قالوا وإياك ؟ يا رسول الله قال وإياي إلا أن الله أعانني عليه فأسلم فلا يأمرني إلا بخير)[٣].

**واتە: هیچ کەسێك لە ئێوە نیە ئیلا هاوەڵێکی لە جنۆکەوهاوەڵێکی لە مەلائیکە لە گەڵدایە، ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆش؟ فەرمووی بەڵێ منیش، بەڵام خوای گەورە یارمەتی دام و من بەسەریدا زاڵ بووم و موسوڵمان بوو وەئێستاش لەشتی خەیر زیاتر هیچی ترم پێ ناڵێت. کەواتە وەك چۆن مەلائیکەکانی خوای گەورە هەموویان نوێنەری خەیرو چاکەی خوان، شەیتانەکانیش هەموویان نوێنەری شەڕو خراپەو ئاژاوەن، دەی ئێستا تۆش ئازادی لە هەڵبژاردنی هاوەڵ بۆخۆت بۆ میوانداری ماڵەکەت بۆ بە خێر هاتنی میوانەکەت .........(شەیتان ) یان ( مەلائکە ).**

---

(٣) رواه مسلم (٧٠٣٩) **بڕوانە**/ صحيح الجامع (٥٨٠٠)

پیرەمێردی شاعیر ( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) دەفەرموێت :

**شەیاطین و الئینس بەوانە دەڵێن**
**لە جێی شەیاطین ئەوان دەگەڕێن**
**ناوی سەگ لەوان بە چاکتر بەرە**
**سەگ لەوان گەلێ بێ زەرەر ترە .**

## شەیطان مەبەستی چی یە ؟

بێگومان هەموو کەسێك مەبەستێکی تایبەتی هەیە تا کارێك بە ئەنجام دەگەیەنێت، جا ئەو مەبەستە داواکراو بێت یان داوالێکراو شەیتانیش وەك هەموو کەسێك مەبەستی گرنگی خۆی هە یە کە ئەویش تەنها گومڕاکردنی (مرۆڤ و جن ) ە بۆ ئەمەش چەند ڕێگەیەك دەگرێتە بەر لەوانە :

١- مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە هەموو مرۆڤ و جن ڕاپێچی ئاگری دۆزەخ بکات و لە بە هەشتی بەرین و پڕخەیرو خۆشی بە دووریان بکات .

٢- دەیەوێت مرۆڤەکان بخاتە ناو تاوان و سەرپێچیەکانەوە، چونکە هەر بە هۆی تاوانەوە بوو خۆی لە ڕەحمەتی خوا دوور خرایەوە .

٣- دەیەوێت بەندەکانی خوا تووشی (شیرك)و(کوفر)بکات و هەر لەم ڕێگەیەشەوە گرەوی خۆی دەباتەوە .

٤- دەیەوێت ڕێگربێت لەبەردەم بەندەکانی خوادا تا نەتوانن گوێڕایەلی فەرمانەکانی خوای گەورە بکەن .

٥- دەیەوێت لەڕێگەی کاری (بدعە) شتە داهێنراوەکانەوە کە هیچ ڕاستیەکی نیە لە دیندا کارەکان جوان و ڕازاوە بکات و هەر بەو هۆیەشەوە دووبەرەکی و ناکۆکی دەخاتە ناو بەندەکانی خواوە.

٦- دەیەوێت کاری ڕیابازی بۆ مرۆڤەکان بکاتە داردەستی خۆی و هەر کاتیش بیەوێت پەرستن و کردارەکانیان پێ پوچەڵ بکاتەوە .

٧- دەیەوێت بەردەوام مرۆڤەکان تەمبەڵ بکات لە کاری چاکەداو ئەویش بە هۆی وەسوەسەو شتە پڕو پوچەکانەوە .

٨- دەیەوێت لە ڕێگەی بە ڵێن نەبردنە سەرو بە درۆهەڵخەڵەتاندن بەندەکانی خوای گەورە بەرەو گومڕایی و سەر لێشێواوی بەرێت.

٩- لەبیربردنەوەی کارەچاك و پاداشت دراوەکان لە بەندەکانی خواو وەبیرهێنانەوەی ئەوشتانەی کە دەبنە هۆی درووستکردنی گومان

١٠- بەرپاکردنی کاری زیادە ڕەوی لە ژیاندا .

## چەند هۆکارێکی گرنگ پێش دەست پێکردن :-

بە گشتی چەند هۆکارێکی گرنگ هەن کەدەبنە هۆی ئەوەی کە شەیتان بە هیچ جۆرێك دەسەلأتی نەبێت بە سەر مرۆڤدا تا لە خشتەی بەرێت ، بۆیە تۆش دەتوانی ڕەچاوی ئەم خالأنەی لای خوارەوە بکەیت بۆئەوەی نەبیتە فریو خۆری دەستی دوژمنی مرۆڤایەتی ( شەیتان ) :-

### ١- پابەند بوون بە قورئان و سوننەتەوە :-

قورئان وسوننەت دوو سەرچاوەی زۆر بە هێزو گرنگن بۆ خۆشبەختی دونیاو دواڕۆژ وە هەرکەسیش لەژێر سایەو سێبەری ئەم دووسەرچاوەیەدا بژی هەرگیز تووشی هەڵەو کاری خراپ نابێت، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ الرَّحْمَنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَاناً فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ * وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ﴾ الزخرف :٣٦ _ ٣٧ واتە : هەرکەسێك پشت لە یادی خوا بکات ئەوە شەیتانێکی بۆ ئامادە کرێت ،کە هەمیشە لە گەڵی بێت و لێی جیا نەبێتەوە ،کە بێگومان شەیانەکانیش کاریان ئەوەیە کە ڕێگریان بکەن لە ڕێگای ڕاست وە گومانی ئەوەش دەبەن کە هەر ئەوان ڕێنوموێنی کەرن .هەروەها زەیدی کوڕی ئەرقەم دەگێڕێتەوەو

دەفەرموێت :- پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە لای ئاوێك کە پێی دەوترا (خم) هەستاو وتارێکی بۆمان دا پاش سوپاس کردن و ستایشی خوای گەورە ئامۆژگاری کردین و فەرمووی : (أما بعد ألا أيها الناس فإنما أنا بشر يوشك أن يأتي رسول ربي فأجيب وأنا تارك فيكم ثقلين أولهما كتاب الله فيه الهدى والنور فخذوا بكتاب الله واستمسكوا به)[٤]

واتا : لەدوای ئەم وتانە ئەی خەڵکینە من تەنها مرۆڤێکم وەك ئێوە زۆر نزیکە نێردراوی خوا بێتە لام و وەڵامی بدەمەوە (مەبەستی مەلائکەی گیان کێشانە بۆ گیان کێشانی خۆی ) وەمن دوو شتی زۆر سەنگینم لە ناوتاندا بە جێ هێشتووە <u>یەکەمیان</u>: پەرتوکەکەی خوایە کە ڕێنوموێنی و ڕۆشنایی تێدایە ، دەی وەری بگرن و دەستی پێوە بگرن وە <u>دووەمیش</u> : لە فەرموودەیەکی تردا فەرمووی :(وخير الهدي هدي محمد(ﷺ) واتە: باشترین ڕێبازیش ڕێنوموێنی و ڕێگای پێغەمبەری خوایە(ﷺ) وات سوننەتی .

## ٢- ئاگا لەخۆ بوون و فریونەخواردن بە فێڵی شەیتان .-

ئەمەش بەوە دەبێت کە مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی ڕەزامەندبوونی خوادا بێت وە ئاگاداری کردەوەکانی شەوانەو ڕۆژانەی بێت، چونکە

(٤) رواه مسلم (٦١٧٥) بروانە/ صحيح الجامع (١٣٥١).

شـەیتان ڕێگەیـەك لـەو ڕێگایانـەی کـە دەیگرێتـە بـەر ئەوەیـە کـە مرۆڤـەکان بـێ ئاگـا بکـات و لـە شـێوەی ئامۆژگـاری بـۆ دەرخـستندا کارەکانیـان بـۆ خـراپ بکـات ،هـەروەك خـوای بـەئاگا دەفـەرموێت: ﴿وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ﴾ (الأعـراف: ٢١) واتـە : شـەیتان سوێندی خوارد بۆ باوکە ئادەم و دایکە حەوا ووتی : من ئامۆژگاریتان دەکەم، بەڵام لە ڕاستیدا وانەبوو بە ڵکو فریـو دان و هەڵخەڵەتانـدن بـوو، (قال رجل للحسن البصري أينام إبليس فتبتسم وقال لو نام لوجدنا راحة)(٥) ئەوەتا پیاوێك لە شێخ حەسەنی بەصری پرسی ( ڕەحمەتی خـوای لێبێـت ) ووتـی:ئـەی شـێخ ( أينـام إبلـيس؟) ئایـا شـەیتان دەخەوێت؟ ئەویش پێکەنی وفەرمووی: ( لونام لوجدنا راحـة )ئەگـەر وابوایە (بخەوتایە) ئێمە دەحاساینەوە.کەواتە ئەی موسوڵمانی ئـازیزو بەڕێز ... هەرگیزلە فێڵی شەتان ئەمین مەبە، چونکە ئەوهەموو ژیـانی خۆی تەرخان کردووە بۆ گومڕاکردنی تۆ، ئایائەزانی هـەرکات بـەگوێی شـــەیتانت کـــرد ئـــەوە خـــۆت خـــستۆتو نێـــو ژەنگـــاوی تـــاوان و ڕزگاربوونیشت زۆر مەحاڵە ؟؟

---

(٥) تلبيس ابليس (٥٠/١) وفي فيض القدير (٢١٠١/٣٨٥/٣).

**٣- یەکلایی بوونەوە بۆ خوای گەورە :-**

واتە: بە هەموو گوفتارو هەڵسوکەوتێکت بۆ خوای کارجوان یەکلایی ببیتەوە وەهەمووکردارەکانیشت تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوابێت و بەس، کە ئەمەش پێی دوترێت (الاخلاص) دڵسۆزی کەزۆر بەلای مرۆڤەوە گرانەو لەسەر دڵ و دەروون ئاسان نیە، ئەزانی بۆ؟ چونکە دڵسۆزی ئەوەیە کە هیچ بەشێکی دونیایی و ڕیابازی تێدا نیەوتاکە ئاواتی بەندە گەیشتنە بە خوای خۆی بەبێ لەکە ،خوای گەورە دەفەرموێت:﴿قَالَ رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي لأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الأَرْضِ وَلأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ * إِلاَّ عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ﴾ الحجر :٣٩_٤٠).

واتە: شەیتان بە پەروەردگاری ووت: ئەی پەروەردگار چۆن منت گومڕاکردمنیش دەبێت ئاوا سەرزەویان بۆ برازێنمەوە،وەدەبێ هەموویان گومڕا بکەم و سەریان لێ بشێوێنم ،جگە لەوەی دەسەلاتم بەسەر بەندە (دڵسۆز)وچاکەکانی تۆدا نیەو ناتوانم ئەوانە گومڕابکەم هەر بۆیە زانای خواناس فضیلي بن عیاض ( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) دەربارەی( إخلاص ) دڵسۆزی دەفەرموێت (خير العمل أخفاه أمنعه من الشيطان وأبعده من الرياء) [٦]....) واتە باشترین کردار بۆخوا کاری

---

(٦) الاخلاص والنية (٥٦/١/٣٠).

نهێنیـە، چـونکەئەو دەتپارێزێـت لـە شـەیتان و دوورت دەخاتـەوە لـە ڕیابازی. روەها زانای بەناوبانگ یەعقوبی مەکفوف ( ڕەحمەتی خـوای لێبێـت ) دەفـەرموێت:﴿ کەسـی دڵـسۆز مخلـص ئـەو کەسـەیە کـە چاکەکانی خـۆی دەشـارێتەوە هـەروەك چـۆن خراپـەکانی لـە خـەڵکی دەشارێتەوە ﴾.

## ٤- خۆپاراستن بە خوای تاك و تەنهاو بەس :-

واتە مرۆڤ هەرکات تووشی وەسوەسەیەك یان گومانێکی خـراپ بـووە کە لە گەڵ شەرعدا ناگونجا ئەوە با یەکسەر پەنا بگرێت بە خوای تاك و بێ هاوەڵ ،وەداوای کۆمەك و یارمەتی بـەس لـەو بکـات ئـەویش بـە ووتـنی( أعوذ بالله من الشيطان الرجيم ) واتـە :پـەنا دەگـرم بـە خـوای گەورە لە شەیتانی نەفرین لێکراو، کەواتە خوێنەری بەڕێز داواکردن و پاڕانەوە تەنها بۆخوای گەورەیە، چـونکە هەرئـەوە لـەکاتی تەنگانـەو ناخۆشـیدا فریـات دەکـەوێت و ڕزگـارت دەکـات ،خـوای گـەورە خـۆی دەفـەرموێت: ﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللّهِ إِنَّهُ سَـمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ الأعراف:٢٠٠).

واتە: هەرکاتێك خـەیالآت و وەسوەسـەیەکی خراپـت بـۆ دروسـت بـوو ئەوە یەکسەر پەنا بگرە بە خوای تاك و بێ هاوبـەش، وە هەرئەویـشە کە بیستەرو زانایە .زۆر سـەیرە کەسـانێك کـە لـەکاتی ئاسـایدا دڵیـان

خۆشەو لەو پەڕی نازو نیعمەتتدا دەژین ،جا ئەوەی هەرلەیادیان نەبێت داواکردن و پاڕانەوەیە لە خوای گەورە، بەڵام هەر کە ناخۆشیەك یان بەڵایەك یان بڵێین دەکەونە ناڕەحەیتەکەوە یەکسەر هاوار بۆ خوا دەکەن و لێی دەپاڕێنەوە، بەڵام بۆچی ؟ وەلە پاش چی ؟ ........

**٥- پابەند بوون بە یادی خواوە:**

یادکردنی خوای گەورە لە هەمووکات و شوێنێکدا گرنگترین هۆکارە بۆ بەرپەرچ دانەوەی شەیتان و دارو دەستەکەی ، هەروەها چاکترین هۆکاریشە بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای میهرەبان کە ئەمەش بە دەربڕینی چەند ووشەیەکە بەزوبان و هەڵقوڵاو لە نێو دڵ و دەروونەوە وە دەشبێتە هۆکار بۆ خۆشگوزەرانی و بەرپابوونی ئاسوودەیی لە نێوماڵەکاندا .جگە لەوەش ئەنجام دەرەکەی لای خوای گەورە پاداشتی تایبەتی وەردەگرێت و لە خەشم و توڕەیی خوای گەورەش ڕزگاری دەبێت ،وەك خوای میهرەبان دەفەرموێت:

﴿اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ أُوْلَئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ المجادلة : ١٩.

واتە: شەیتان سواری ملی ئەوانە بووە کە یادی خوایان لە بیر خۆیان بردۆتەوە، جا یادکردنی خوای گەورە کە دواتر ئاماژەی پێدەکەین

هۆکـارێکی زۆر گرنگـە بـۆ پاراسـتنی مـاڵ لـە شـەتان، وە ئـەم یـاد کردنەش مرۆڤ دەتوانێت بەو شێوازەی بۆی دەگونجێت ئەنجامی بدات وەك خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللّهَ قِيَامـاً وَقُعُــوداً وَعَلَىَ جُنُوبِهِمْ ﴾آل عمران :١٩١).

واتـە: ئەوانـەی کـە یـادی خـوا دەکـەن جـا بـە پێـوە بێـت یـان بـە دانیـشتنەوە یـاخود بـە پـاڵ کەوتنـەوە، بەڕاسـتی ئەوانـە بـاوەڕداری ڕاستە قینەن و خاوەن پلەو پایەو ژیرین .

## ٦- پابەندبوون بە نوێژی بە کۆمەڵەوە :

نوێژی بە کۆمەڵ (صلاةالجماعة )لە مزگەوتدا خێرو پاداشتێکی ئێجگـار زۆری هەیـەو چـاکەیەکی زۆر گەورەشـە ،لەبەرئـەوەی هەرلەڕۆیـشتن بەرەو مزگەوت و چوونە ناو مزگەوت و نوێژی ڕێزی مزگەوت و بینـینی موسوڵمانان و دەست کەوتنی ( ٢٧ ) خێری نوێـژی تـر و دوعـاکردنی مەلائکە بۆت و بەرزبوونەوەی لایەنی باوەڕو چـەندان خێـری تـر، هـەر بۆیە بە پـشت گـوێ خـستن و تەمبـەڵی کـردن تیایـدا بـاوەڕی بەنـدە بـەرەو لاوازی دەڕوات و شـەیتانیش پلـە بەپلـە دەسـتی بـە سـەردا دگرێت و تا لە ناکاو دەکەوێتە نێو چاڵی لە ناو چوونەوە .پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفـەرموێت : (ما من ثلاثة في قرية و لا بدو لا تقام فـيهم الصلاة إلا استحوذ عليهم الشيطان فعليكم بالجماعة فإنما يأكـل الـذئب

القاصية )[٧] ، واته: هیچ کەسێك نیە لە گوندێکدا یان لە دەشتێکدا (کۆچەری)بن و کاتی نوێژبێت و نەچن بۆ نوێژئیلا شەیتان دەستی بەسەردا گرتوون، دەی لە گەڵ کۆمەڵی نوێژ خوێنان بن، چونکە گورگ مەڕی دابڕاو دەخوات کە تاك بۆتەوە لە ڕان .یاخود لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت : (والذي نفسي بيده لقد هممت أن آمر بحطب فيحطب ثم آمر بالصلاة فيؤذن لها ثم آمر رجلا فيؤم الناس ثم أخالف إلى رجال فأحرق عليهم بيوتهم) [٨] واتە :- سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە (مەبەستی خوای گەورەیە ) بە بیرمدا هاتووە کەوا فەرمان بکەم بە سوتەمەنی کە بۆم کۆ بکەنەوە، وە فەرمان بکەم نوێژبکەم ، بانگی بۆ بدرێت و لە پاشان فەرمان بە پیاوێك بکەم پێش نوێژی بۆ خەڵکی بکات، وەمنیش دوا بکەوم بۆ ئەو پیاوانەی کە لە نوێژ دوا دەکەون تا ماڵەکانیان بە سەردا بسوتێنم . جا ئەی برای خۆم درەنگەو نوێژی بە کۆمەڵ ئەنجام بدە پێش ئەوەی بە کۆمەڵ نوێژت لەسەربکەن و ڕۆژێك دابێت پەشیمانی دەربڕیت لە کاتێدا کە هیچ سوودی نیە !!

---

(٧) رواه أبوداود (٥٤٧) والنسائي (٨٤٧) وصححه الشيخ الالباني (٥٧٠١).

(٨) رواه البخاري (٦٤٤) ومسلم (١٤٧٩).

### ٧- تەوبە کردن و گەڕانەوە بۆلای خوای گەورە :-

تەوبە کردن و گەڕانەوە بۆلای خوا یەکێکە لەو بەخششانەی کە خوای لێخۆشبوو لەتاوانەکان کردویەتیە دیاری بۆ بەندەکانی خۆی وە پێویستی کردووە لەسەر هەر کەسێك کە خۆشحاڵە بە گەیشتن بەو پلەیەو دەیەوێت بە ختەوەری دونیاو دواڕۆژبێت، جا ئەم تەوبە کردنەش تەنها ئەوە نیە کە بەس بە زوبان بوترێت و تەواو نەخێر، بەڵکو پێویستە ئەو گەڕانەوەو تەوبەکردنە لەدڵەوە سەچاوەی گرتبێت و بەکردەوەش بیسەلمێنی و بە زوبانیش دانی پێدا بنێی، ئەویش بەوەی کە لەوەو پێش هەر کردەوەیەکی ئەنجام دابێت و لەگەڵ شەرعی خوادا نەگونجابێت ئێستا نەچێتەوە سەری و بەتەواوی وازی لیّ بهێنێت .خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ﴾ (الزمر : ٥٤).

واتە: بگەڕێنەوە بۆلای پەروەردگارتان و تەوبەیەکی ڕاستەقینە بکەن و ملکەچی فەرمانەکانی خوابن ،پێش ئەوەی کە توشی سزای خوایی ببن وەلەپاشاندا بەهیچ جۆرێك یارمەتی نادرێن و سەریش ناخرێن .کەواتە ئەی ئەو کەسەی کە تاکو ئێستا دوودڵی و ڕاڕایەك لە دەروونتدا درووست بووەو ناتەوێت تەوبەبکەی ! ! دەبەسەو وازبهێنە

لـەو تاوانانـەی کەئـەنجامت داوەو بەردەوامیـشی لەسـەری، ئایـا ئـیتر کاتی ئەوە نەهاتووە کە شـەرم بتگرێـت بەرامبـەر بەئـەو خوایـەی کـە هەمیشە تۆ تاوانی بەرامبەر ئەنجام دەدەیت و ئـەویش بـەردەوام ڕزق و ڕۆزیـت دەدات ؟؟ ئـەی ئایـا کـاتی ئـەوە نـەهاتووە ئـیتر بـەئاوی لێخۆشـبوون تاوانـەکانت بـشۆریتەوەوخۆت پـاك بکەیتـەوە ؟؟ دەی وازبهێنـەو شـوێن ڕێگـەی شـەیتان بـەردەو خـوت بگەیەنـە کـاروانی پیاوچاکان، ئەی نازانی سبەی(ملك الموت) دەبێتـە میوانـت و گـۆڕی تەنگ و تاریش دەبێتە ماڵی تـۆ ؟ ئایـا دەزانـی تەوبـەکاران هەمیـشە خۆشەویـستی خـوان و خـوای گـەورەش بـە گەڕانـەوەی بەندەکـەی خۆش حاڵ دەبێ ، پێغەمبەری خـوا (ﷺ) دەفـەرموێت: ( یا أیهـــا الناس توبوا إلى الله فإني أتوب في اليوم إليه مائة مرة)[٩] .

واتە: ئەی خەڵکینە بگەڕێنەوەبۆلای خواو تەوبە بکەن، چونکە من لـە ڕۆژێکدا ١٠٠ جار تەوبە دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆلای خوا .

(٩) رواه مسلم (٦٧٩٩).

**هەروەك شاعیرێك دەفەرموێت :**

**لو قيل للقوم مامنكم طلبوا　　حياة يوم ليتوبوا فاعلمم**
**ويحك يـــــانفس الا تيقظ　　ينفع قبل أن تزل قدمـي**

لطائف المعارف / ٥٧٧

**واتە: ئەگەربەوکەسانەکەئێستالە ناوگۆڕدان بوترێت ئاواتتان چـی یە ؟داوای یەك ڕۆژ زیندووبوونەوەی ژیان دەکەن بۆ ئەوەی تەوبـە بکەن.کەواتـە ئـەی نـەفس دەك لـە ناوچـی دەبزانـەو پەنـدی لـیّ وەربگــرە. وریابــەو وەرەوە هــۆش خــۆت پــێش ئــەوەی پــێم بخلیسکێت بەرەو گۆڕ.**

# ئێستا بۆ ئەوەی ماڵەکەت پارێزراو بێت لە شەیتان چی دەکەی ؟

**یەکەم :- لەکاتی هاتنە ماڵەوەدا یادی خوای گەورە بکە**

خوشـك وبـرای بـەڕێزم...........بەڕاسـتی بـەهێزترین چـەك لـەبۆ بەرەنگاربوونـەوەی شـەیتان و ڕاونـان و وەدەرکردنـی لـە ماڵەکـەت یادکردنی خـوای گـەورەو میهرەبانـە ،واتـە مرۆڤـی ژیـرو وریـا زۆر بـە سانایی دەتوانێت شەیتانەکان کـۆت و زنجیربکـات و پاشـان ڕەوانـەی دەرەوەی مـاڵی بکـات ،یـاخود دەتوانێـت بەتـەواوی بـێ هێـزو لاوازی بکـات چـۆن و بەچـی ؟؟ بێگومـان بـە زۆر یـادکردنی پـەروەردگار ،هەروەك چۆن مرۆڤ بەدەستی خۆیـەتی و دەتوانێـت ئۆتۆمۆبیلەکـەی بێ بەنزین بکات یاخود ئەو حوشترەی لە سەفەرێدا پێیەتی دەتوانێت لاوازی بکات بەوەی کە نان و ئاوی نـەداتێ. کەواتـە یـادکردنی خـوای میهرەبان لە هەموو کات و ساتێکدا وەك چەکوشێکی ئامـادە وایـە بـۆ سەری شەیتان،هەربەو یادکردنەش سەرشۆڕو ڕیسوا دەبێت وئازارێکی بـێ ئەنـدازە دەچـێژێت هـەروەها ئـەوەش زانـراوە کـە ئـەو جـۆرە یادکردنانەی خوا وەك قەڵایەکی زۆر بەهێزو پتەو وایە بـۆ خۆپاراسـتن لە شەیتان .خوای گـەورەش دەفـەرموێت: ﴿وَاذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ

تَضَرُّعاً وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ وَلاَ تَكُن مِّنَ الْغَافِلِينَ﴾(الأعراف : ٢٠٥).

واتە: یادی خوای گەورە بکە بە دڵ ودەروون بە پاڕانەوەو بە ترسەوە، لەکاتێکدا بێ ئەوەی دەنگیش بەرز بکەیتەوە، لەکاتی بەرە بەیان و کاتی ئێوارەدا .یاخود لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت :- ﴿وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيراً وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً﴾ [الأحزاب : ٣٥].

واتە: ئەوانەی کە زۆر یادی خوا دەکەن لە ( پیاوان ) و ( ئافرەتان ) بۆیان ئامادە کراوە لێ خۆشبوونی خوایی و پاداشتێکی زۆر گەورە. هەرلێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کەزۆر یادکردنی خوای میهرەبان هۆکارێکیشە بۆ چوونە بەهەشتی خوایی وەك جابری کوڕی عبداللە ( خوالێی ڕازی بێت ) دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو دەیفەرموو: ( إذا دخل الرجل بيته فذكر الله عند دخوله وعند طعامه قال الشيطان لا مبيت لكم ولا عشاء وإذا دخل فلم يذكر الله عند دخوله قال الشيطان أدركتم المبيت وإذا لم يذكر الله عند طعامه قال أدركتم المبيت والعشاء)[١٠]. واتە: هەرکات پیاو چووە ماڵەوە و ناوی

---

(١٠) رواه مسلم (٥٢٣٨).

خوای بردوو یادی خوای کرد ، وەلە کاتی خواردندا بەهەمان شێوە یادی خوای کرد وناوی خوای هێنا ، ئەوە شەیتان بە هاوەڵ و شوێن کەوتوانی دەڵێت : ئێوە نەشوێنی خواردن و نەشوینی حەوانەوەتانم لەم ماڵەدا نەما تەواو ، بەلاَم ئەگەر لەکاتی چوونەماڵەوەو خواردندا ناوی خوای نەبردو یادی خوای نەکرد ئەوە شەیتان دەڵێت : فەرموون ئێرە شوێنی خواردن و حەوانەوەی ئێوەیە . هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: (مثل البيت الذي يذكر فيه والبيت الذي لا يذكر الله فيه مثل الحي والميت)[١١] .

واتە: نمونەی ئەو ماڵەی کە یادی خوای تێدا دەکرێت وە نمونەی ئەو ماڵەی یادی خوای تێدا ناکریَ وەك نمونەی( ژیان و مردن) وایە .

واتە: چەندێك جیاوازی دەبینی لە نێوان کەسێك کەوا زیندووبێ وەکەسێك کەوا مردوو بێت، بێگومان زۆر، دەی بزانە و پێش ئەوەی لە ڕیزی مردووان هەژمار بکرێیت فریای خۆت بکەوەو ماڵەکەت بە یادی خوا ئاوەدان بکەوە، چونکە هەرماڵ و شوێنێك یادی خوای تێدا کرا ئەوە ئەو شوێنە بە ئاوەدان و شوێنگەی ژیان دەدرێت لە قەڵەم، ئێستا کاتت زۆر لە بەردەستدا ماوە پێش ئەوەی سەفەرە دوورو

---

(١١) رواه مسلم (١٨٢٠).

درێژەکە دەست پێ بکەی هەوڵ بدەو یادی خوای گەورە بکە مرۆڤێک کە هەمیشە لەبێ ئاگایدابێت بەرامبەر بەیادو پەرستنەکانی خوا ئیتر چی لێ چاوەڕوان دەکرێت و چۆن داوای پاراستن دەکات .

**دووەم :- سەلام کردن**

سەلام کردن بەو شێوازەی کە خوا پاشان پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانیان پێ کردووەو پێی ڕازین یەکێکە لە ئادابە پیرۆزەکانی ئیسلام و دینی خوای گەورەش زۆر بە گرنگی زانیوەو بە هۆکاری درووست بوونی خۆشەویستی لەنێوان بەندەکانی خواو چوونە ناو بەهەشتی داناوە. هەروەها دەشبێتە هۆی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری لەدواڕۆژدا سەرفرازبوون و ڕزگاربوون لە و دونیا، بەڕاستی ووتنی ڕستەیەك ( السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته ) بەمانای ئاشتی و سەلامەتی خوای گەورەت لەسەرو لەژێرچاودێری خوادا بژیت و ڕەحمەت و بەرەکەتی خوا سەراپای ژیان و گوزەرانت داپۆشێت . کە ئەمە هەمووی پاڕانەوەیە بۆتۆ یان بۆ ئەو ئەمە جگە لەوەی ووشەی ڕەحمەت هاتووە لە سەلامەکەدا کە پێچەوانەی ووشەی لەعنەتە کە خوای گەورە ئاراستەی شەیتانی کردووە. خوای گەورە لە ئایەتێکدا دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتاً فَسَلِّمُوا عَلَى

أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُبَارَكَةً طَيِّبَةً﴾النور: ٦١ . واتە: هەرکات چوونە ماڵەوە ئەوە سەلام بکەن لە یەکتری وەسەلام بکەن لەوانەی کەوەك خۆتان وان ،بە سەلام کردنێك کە لە لایەن خواوە هاتووە و پێی ڕازی یە وەبە سەلامێك کە جوان و پاك و چاك بێت، یان خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا حُيِّيْتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا﴾ [النساء : ٨٦]. واتە: هەرکات سەلامتان لێکرا ئەوە ئێوەش بەچاکتر لەو سلاوە سەلام بکەن یان وەلامی ئەو سلاوە بدەنەوە . کەواتە ئاینی پیرۆزی ئیسلام فەرمانمان پێ دەکات بەوەی کە سەلام لە یەکتری بکەین بە سەلامی خوایی بەداخەوە دەڵێم ئەمڕۆ زۆر لەوانەی کە خۆشیان بە موسوڵمان دەزانن تەنانەت لە جۆری سەلام کردنەکەشدا خۆیان دەچوێنن بە جولەکەو بێباوەڕان خۆ ئەگەر لێیان بپرسی ئەوە برا چیە ئەو جۆرە سەلامە لە وەلامدا پێت دەڵێ کاکە ئەوە ( بەرەو عەولەمە چوونە ) دەبێت لەگەڵ سەردەمدا بگونجێی ؟!! بۆیە براو خوشکی ئازیزم تکاتان لێ دەکەم واز لەو جۆرە سەلامانە بهێنن کە هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەر نیەو بگرە خۆ چوواندنیشە بە هاوەڵانی شەیتان و دۆزەخیەکان. لە و جۆرە هەواڵ پرسین و سەلامە دروست کراوانەی وەك ( چونن ، بەیانیت باش ، ئێوارەت باش،

لەچیان، أهلا ، هلا ، هلا ، Hello ، Ok.......... هتد ) کەواتە ئەی بۆ ناپرسی ڕۆژێك لە ڕۆژان دوژمنانی خوا ئەو شیعارەی تۆ ( سەلام ) کردن بەکاربهێنن لەناو خۆیاندا ، بەلام تۆ یەکسەر چاولێکەری ئەوان دەکەیت و بە بێ ئەوەی لە ماناکەشی بگەیت .پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێ : ( ثلاثة کلهم ضامن علی الله: .....و رجل دخل بيته بسلام فهو ضامن علی الله)[١٢] واتە: سێ جۆر کەس لە ژێر چاودێری خوادان مسۆگەر پارێزراون ............یەکێك لەوانە پیاوێکە هەرکات چووە ماڵەوە سەلام بکات .ئیمامی نەوەوی ( ڕەحمەتی خوای لێبێ) دەفەرموێت: (ضامن علی الله) کە لە فەرموودەکەدا هاتووە، بەواتای ئەوەی ئەو کەسە بەردەوام لە ژێر چاودێری و پاراستنی خوادایە وە خوای گەورە خۆی سەرپەرشتی دەکات و ئاگای لێ دەبێت، جا ئایا چی شتێك هەیە لەوە گەورەترو بەڕێزتر کە سێك خوای گەورە خۆی سەرپەرشتی بکات و ئاگای لێبێ؟؟! وەکەسێکیش خوای گەورە خۆی

---

(١٢) رواه أبوداود (٢١٧٨) وصححه الشيخ الالباني رحمه الله في صحيح الجامع (٣٠٥٣).

سەرپەرشتی بکات واتا پارێزراوە لە شەیتان ﴾ (الاذکار)ی ئیمامی نەوەوی ل٢.

**سێ یەم:- یادکردنی خوای گەورە لە کاتی خواردن و خوارنەوەدا**

خواردن و خواردنەوە بۆ ئادەمیزاد گەورەترین بەخششی خوای گەرەیە و سوپاس گوزاریشی پێویستە، لە بەرئەوەی هەرکات مرۆڤێك بیەوێت ژیان بەبێ نان و ئاو بەرێت بەسەر ئەوە بێگومان ناتوانێت و دەرەنجام لە برسا و لە تینوێتیدا دەمرێت وبەرگە ناگرێت، دەکەواتە شورەییە بۆ کەسێك ئەمە بزانێت و لە هەمان کاتیشدا بێ فەرمانی خوای گەورە بکات،چونکە ژیان و مردن و باران و سەوزبوونی دانەوێڵەو دابین کردنی ڕۆزی و هەمووشتەکان بە دەستی ئەو خوایەیەو هیچ کەسێکی تر شایەنی ئەوە نیە کە ئەمانەی بدرێتە پاڵ، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ [الأعراف : ٣١].

واتە: بخۆن و بخۆنەوە وە زیادە ڕەوی مەکەن، چونکە خوای گەورە زیادە ڕەوی کەرانی خۆش ناوێت. هەربۆیە پێویستە لەسەر ئێمەی مرۆڤ کە چەند ئادابێکی خواردن و خواردنەوە هەیە ئەنجامی بدەین لەوانە:-

**١-  بەناوی خواوە دەست پێ کردن:**

**لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خـوا (ﷺ) دەفـەرموێت** (إذا أكل أحـــدكم طعاما فليذكر اسم الله فإن نسي أن يذكر الله في أوله فليقل: بسم الله على أوله و آخره)(١٣).

**واتە: ئەگەر کەسێك لە ئێـوە خـواردنی خـوارد بـا بڵێـت** بـــسم الله **وە ئەگەر هەر لە بیری چوو لە پاشان بیری هاتەوە ئەوە بابڵێـت:** بسم الله اوله وآخره .

**٢-  خواردن و حوارنەوە بە دەستی ڕاست :**

**چونکە خواردن و خواردنەوە بە دەستی ڕاست پێـچەوانەی خـواردن و خواردنـەوەی شـەیتانە بـەوەی کـە شـەیتان لـە هـەموو شـتێکدا هـەر چەپی پێ خۆشەو بەچەپ دەخوات و بە چەپ دەخواتەوەو بـە چـەپ وەردەگرێت و بە چەپیش دەبەخشێت شیوی وەیلیش بۆ ئەوانەی کـە ناوی خۆیان ناوە ( چەپەکان ). عبداللە کوڕی عومەر ( خوالێیان ڕازی بێـت ) دەفـەرموێت: پێغەمبـەری خـوا( ﷺ) فەرمویـەتی:** (إذا أكـــل

---

(١٣) رواه ابن ماجة  وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (٣٨٠)

أحدكم فليأكل بيمينه و إذا شرب فليشرب بيمينه فإن الـشيطان يأكـل بشماله و يشرب بشماله)[١٤].

**واتە: ئەگەر یەکێکتان خواردنی خوارد یان خواردنەوەی خواردەوە با بەدەستی ڕاستی بخوات و بخواتەوە، چونکە شەیتان بە دەستی چەپ دەخوات و بە چەپیش دەخواتەوە .**

**٣- بە دانیشتن و لە بەر دەمی خۆوە خواردن :**

**لە بەر ئەوەی پێغەمبەری خۆشەیستمان (ﷺ) بە پیاوێکی فەرموو: (**لا آكل و أنا متكئ**)** [١٥].

**واتە: من بە ڕاکشانەوە خواردن ناخۆم، کەواتە پێویستە لەکاتی خواردن و خواردنەوەدا ڕەچاوی ئەوە بکەین کە پێچەوانەی شەیتان بین، عمر بن ابی سلمە ( خوالێی ڕازی بێت ) دەفەرموێت: پیچغەمبەری خوا (ﷺ) پێی ووتم :** ( يا غلام سم الله وكل بيمينك وكل مما يليك ) . فما زالت تلك طعمتي بعد)[١٦] .

---

(١٤) **بروانە:** صحيح الجامع (٣٨٣)

(١٥) **بروانە:** صحيح جامع (٧١٦٣)

(١٦) رواه البخاري (٥٣٧٦).

واتە: ئەی منداڵ لە کاتی خواردندا ناوی خوا بهێنەوبەدەستی ڕاست بخۆ وە لەبەردەمی خۆشتەوە بخۆ ، جا عمر بن ابی سلمە (خوالێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: لەدوای ئەو ئامۆژگاریەوە ئیتر خواردنی من بەو شێوەیە بوو .

٤- لە دەورو بەری قاپەکەوە بخۆ نەك لە ناوەڕاستەوە .

واتە هەرکات مرۆڤ ویستی لە قاپێکدا خواردن بخوات ئەوە با لە لێواری قاپەکەوە بخوات نەك لە ناوەڕاستیەوە ، چونکە لە کاتی خواردندا بەرەکەت دادەبەزێت وەتۆش نازانی ئەو بەرەکەتە کەوتۆتە کوێی قاپەکەوە جگە لەوە نەبێت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (إذا وضع الطعام فخذوا من حافته و ذروا وسطه فإن البركة تنزل في وسطه)[١٧].

واتە: بەرەکەت بەسەر ناوەڕاستی خواردندا دادەبەزێت ، بۆیە لە پێشدا لە لێواری قاپەکەوە و لە بەردەستی خۆتەوە بخۆ. (تا ئەو خواردنە هەر لەزیاد بووندا بێت بۆ ئەوەی کە تێربخۆیت ،بەلاّم تۆ کە لە ناوەڕاستەوە دەستت پێکرد ئەوە چاوەڕوانی ئەو بەرەکەتەمەکە ) والله اعلم .

---

(١٧)بڕوانە: صحيح جامع (٨٢٩)

**٥- هەڵگرتنەوەی ئەو تیکەیەی کە لە دەست دەکەوێتە خوارەوە:**

موسوڵمانی بەڕێز ....مەبەست لەم ناونیشانەی سەرەوە ئەوەیە کە مرۆڤ هێند وریابێت تەنانەت لەکاتی کەوتنەخوارەوەی ئەو تیکەیەشدا مەجال بۆ دوژمنەکەی نەکاتەوە تاکو پاش ماوەی خواردنەکەت بخوات، وەبشزانە شەیتان لە هەل دەگەڕێت بۆیە ئاگادارو وشیاربەو مەهێڵە سوودت لێ ببینێ وەك ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (إذا سقطت لقمة أحدكم فليمط عنها الأذى وليأكلها ولا يدعها للشيطان)[١٨] واتە: ئەگەر تیکەی یەکێکتان لە دەستی کەوتە خوارەوە ئەوە با پاکی بکاتەوەو بیخوات وەنەیهێڵێت بۆ شەیتان، چونکە شەیتان ئامادەیە بۆ خواردنی .

**٦- دەربڕینی سوپاس گوزاری بۆ خوای گەورە :**

دەربڕینی سوپاس گوزاری بۆ خوای گەورەو میهرەبان بەهەر شێوەیەك لەو شێوازانەی کە لە فەرموودەدا هاتووە دەربارەی ووتنی لە دوای خواردن و خواردنەوەوە کارێکی چاکەو پاداشت دراوە ،هەروەها دەشبێتە هۆی پێ ناخۆش بوونی شەیتان و دڵ تەنگ بوونی جا لەوانە: ( الحمد لله الذي أطعم و سقى و سوغه و جعل له

---

(١٨) رواه مسلم (٢٠٣٤)

مخرجا)[١٩] واتە: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە خواردنی پـێ دایـن و تێـر ئاویشی کـردین وەهـەروەها چـوونە خـوارەوەی ئـەو خواردنەشـی بـۆ ئاسان کردوین تا لە گەرووەوە بە دەرەچەی تایبەتی بچێتە خـوارەوە . وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کـە دەفـەرموێت: (الحمد لله الذي أطعمني هذا ورزقنيه من غير حول مني ولا قوة غفر له مـا تقـدم مـن ذنبه)[٢٠]. واتە: سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئـەم خواردنـەی پـێ دام و ڕزق و ڕۆزی زۆری دامێ بەبێ گۆڕان و توانای خـۆم . (( هـەر کەسـێك ئەم فەرموودەیە بلێێ : ئەوە خـوای گـەورە لـە تاوانـەکانی پێـشووی خۆش دەبێت ))

**چوارەم:- زۆرخوێندنی قورئانی پیرۆز لەناو ماڵدا**

قورئانی پیرۆز ڕووناك کەرەوەیە بۆ ماڵەکان پرژانـدنی بـۆنی خـۆش و بـە خـشینی پلـەی بـەرزی ئیمانـە، وە هۆکـاری نزیـك بوونـەوەی مەلائیکەکانە جوانترین و قەشەنگ ترین دیاری خـوای میهرەبانـە، وە قورئـانی پیرۆزیـش دابەزیوەتـە سـەر زەوی بـۆ کردارپێکـردن و ڕێنوموێنی کەری یشە بۆ (مرۆڤ وجن)، کەواتـە جگـە لـەوەی قورئـانی

(١٩) **بروانە**: صحيح الجامع (٤٦٨١)

(٢٠) رواه الترمذي (٢٧٥١) وابن ماجة (٣٢٨٥) وصححه الشيخ الالباني.

پیرۆز دەستوری ژیانەو ڕوون کردنەوەی کۆسپ و تەگەرەکانی ژیانی دونیایە ،خوێندنەوەو لێوورد بوونەوەی هۆکارێکی گرنگیشە بۆ بە دەست هێنانی خۆشبەختی و وەر گرتنی پاداشتی خوایی لە ڕۆژی دوایدا .هەروەها ئەو قورئانەش چاکترین و گەورەترین قەڵایەکە کە مرۆڤ بتوانێت خۆی پێ بپارێزێت لە شەیتان، وە پێچەوانەکەشی ئەوەیە کە هەرکەس پشتی تێکردو وازی لێهێنا ئەوە دوا ئەنجامێکی کوێرەوەری چاوەڕوانیەتی، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ مَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكاً وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى ﴾ [طـه : ١٢٤]. واتە: هەرکەسێك پشت بکاتە ئەم قورئانەو ڕوو وەرگێڕێت لە یادی خوا، ئەوە ژیانێکی تەنگ و چەڵەمەو نائارامیەك ڕووی تێ دەکات وە لە ڕۆژی دوایشدا بە کوێری حەشر دەکرێت. هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿مَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَا إِنَّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ﴾ [السجدة : ٢٢] . واتە: کێ لەو کەسە ستەم کارترە کە نیشانەو بەڵگەی خوای گەورەی یاد بخرێتەوەو، بەڵام ئەو پشتی تێ بکات. کەواتە (پەنا بە خوای گەورە) لە کەسانێ پشتیان کردۆتە قورئان و وازیان لێ هێناوە، بێگومان خوای گەورەو میهرەبان چەندین پلە ئەوانە بەرز

دەکاتەوە کە بڕوادارن، وە ئەوانەش کە خاوەن زانیـارین بـە قورئـانی پیرۆز.خوێندنی قورئانی پیرۆز بەتایبـەتی لـە نـاو ماڵدا دەبێتـە هـۆی خۆشگوزەرانی و گەورەترین یادو پەرستنیـشە پـارێزراوت دەکـات لـە شـەیتان، چـونکە بـێ گومـان ووتـەی خـوای گەورەیـە وەهـەرکاتیش شـەیتان گوێبیـستی ئـەو ووتانـەبێت خـۆی پێناگیرێـت و دەڕوات ئـەو شوێنە بەجێ دەهێڵێت ،ئەمە جگە لەوانەش قورئانی پیرۆز تکـا کـارە بــۆ هاوەڵەکــەی لــە ڕۆژی دوایــدا وەك پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) دەفـەرموێت: **(اقرءوا القرآن فإنه يأتي يوم القيامة شفيعا لأصـــحابه)**[٢١] واتە: قورئان بخوێنن ،چونکە قورئان خوێندن لـە ڕۆژی دوایـدا دێـت و تکا دەکات بۆ هاوەڵەکـەی(خوێنـەری) دەی ئـیتر چ پلەیەکـە کەسـێك قورئانی پیرۆز تکای بۆ بکات و بیەوێت لـەو ڕۆژە نەهامەتیـە ڕزگـاری بکـات. بەڕاسـتی گـەورە تـرین بەخشـشە کـە خـوای بـەرزو بـە توانـا دەیداتــە مــرۆڤ و دەیــەوێت لــە دواڕۆژیــشدا ڕزگــاری بکــات. کەواتــە ســەرفرازی بـۆ کەسـێك کـە هەمیـشە لـە هـەوڵی ئـاوەدان کردنـەوەی ماڵەکەیەتی ، ئەگەرچی بە خوێندنی یەك پیت بێت وەك لە فەرمودەدا هاتووە کە خێری ٣٠ چاکەی هەیە ، ئەی برای خـۆم خوشـکی بـەڕێزم

---

(٢١) رواه مسلم (١٨٧١) **بروانە**: صحيح الجامع (١١٦٥).

....بیهێنە پێش چاوی خۆت و ئەوە تۆ کەسێکی لەوانەی لە ڕۆژی دوایدا بانگت لێ دەکرێت و بەتەنهاش دەچیتە بەردەم خوای میهرەبان و ئەویش لێت دەپرسێت و پێت دەفەرموێت: ئادەی من پەرتوکێکم بۆ ڕەوانە کردبوویت چیت پێکرد و چۆن پێی ئاشنا بوویت ؟؟ ، وەبشزانە ئەو دڵ و دەروونەی هیچ بەشێك لە قورئانی پیرۆزی تیدانیە ئەوە وێرانەیەو بۆ ڕووخان باشە، بەڕاستی پێشینە چاکەکانمان ( ڕەحمەتی خوایان لێبێ) زۆر باش لەم قورئانە گەیشتبوون و دەشیان زانی کار پێکردن و لێ ووردبوونەوەی چەند خزمەتێکی گەورەیە و هەربەوەش ژیانی خۆیانیانی پێ ڕازاندبووەوە .بۆیە میوانداری چاکیان لێ دەکرد و دەرگای دڵیان خستبووە سەر پشت بۆ ئەو قورئانە بە پێزە، ( ئێمە لە کوێ و ئەوان لە کوێ ) ئەوەتا حسين بن عمر العنقرى ( ڕەحمەتی خوای لێبێ ) دەفەرموێت: (کاتێك عبدالله کوڕی ئیدریس ڕەحمەتی خوای لێبێت لە سەرەمەرگدا بوو کاتی گیاندانی کچەکەی هاتە لای و دەستی کرد بە گریان ،عبدالله ش فەرمووی : ئەی کچی خۆم مەگری کاتی گریانت نیە ، بۆچی دەگری سوێند بە خوا ئا لەم ماڵەدا چوار هەزار جار قورئانم خەتم کردووە .هەروەها ئیبن وسیرین ( ڕەحمەتی خوای لێبێت )

**دەفەرموێت:** (قالت امرات عثمان بن عفان ( رضي الله عنه ) حين قتـــل عثمان ،قتلتموه ،وانه ليحى الليل كله بالقران)[٢٢]. **واتـە: کاتێك ئـاژاوە گێڕان بە ناڕەوا ئیمامی عوسمانیان شەهید کـرد ( خـوا لێـی ڕازی بـێ )خێزانەکەی ووتی: ئەوە چۆن دەستتان چـووە خـوێنی عوسمـان لـە کاتێکدا هەموو شەوانێکی بە خوێندنەوەی قورئان زیندوو دەکردەوە.**

**ئیمامی ئەحمەد ( ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە بریدەوە دەگێڕێتەوە و ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ( ﷺ) کە فەرمویەتی: ( لە ڕۆژی دوایدا کاتێك گۆڕەکان شەق دەبن و خـەڵکی دێنـە دەرەوە، جـا لـەو کاتـەدا قورئان دێت و دەگات بە هاوەڵەکەی ( خوێنەرەکە) و پێـی دەڵـێ مـن دەناسی؟ ئەویش دەڵێ: ناتناسم، قورئانیش دەڵێت: من ئەو قورئانەم کە لە گەرمای نیوەڕۆدا تینوم دەکـردی و شـەوانیش بێـدارم دەکـردی ،وە هەموو بازرگانێك ئەمڕۆ بە دوای بازرگانەکەوەیـتی ، تۆش ئـەمڕۆ بەدوای هەموو بازرگانیەکەوەیت .ئینجا موڵك دەدرێتە دەستی ڕاسـتی و نەمری دەدرێتە دەستی چەپی، وەتاجێکی زێـڕنیش دەخرێتـە سـەر سـەری و ،وەدوو خـشڵ و پۆشـاکێکی جـوان دەکرێتـە بـەر ( دایـك و باوکی ) کە بە هەموو خەڵکی دونیا شـتێکی وایـان لـە دەسـت نایـات،**

---

(٢٢) **بڕوانە:** صفة الصفوة (١/١٨٥).

ئینجا ئەو دایك و باوکە دەڵێن: ئەمە چی یە ؟ئەی ئەم پۆشاکەمان بۆچی لە بەر کرا ؟ پێشیان دەوترێت: ئەوە بە هۆی ئەوەوەبوو کە منداڵەکەتان قورئان خوێن بووە، پاشان بە قورئان خوێنەکە دەوترێت: بخوێنەرەوەو سەر کەوە بە پلەو ژوورەکانی بە بەهەشتدا، بەردەوام ئەویش قورئان دەخوێنێت وسەر دەکەوێت بە دەنگێکی خۆش تا دەگاتە دوا پلەی خۆی لە بە هەشت )[٢٣] .

**پێنجەم :- پاك كردنەوەی ماڵ لە دەنگی شەیتان (گۆرانی و مۆسیقا )**

گۆرانی و مۆسیقا دوو هۆکاری زۆرگرنگن بۆ ڕیسواکردنی ئادە میزاد ،وە دوو هۆکاری ترن بۆ ئامادەبوونی شەیتان، هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانن مرۆڤەکان لە خشتە بەرن و بیان خەنە نێو تاوان و سەرپێچیەکانەوە، جا من لە ئێوە دەپرسم توخوا لە چ شوێنێکدا و لە چ بەڵگەیەکی ڕاست و درووستدا بینراوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە گەڵ ماڵ و منداڵیدا یاخود لە گەڵ هاوەڵە بە ڕێزەکانیدا ( خوا لە هەموویان ڕازی بێت ) کۆ بوونەتەوە لە سەر ئەوەی کە بێ فەرمانی خوای گەورە ئەنجام بدەن بەوەی دانیشتبێتن بۆ گوێ گرتن لە گۆرانی یاخود بیستەری مۆسقا کە هەمووی دوور لە دین و شتی پڕو

(٢٣) رواه الامام احمد في مسنده (٥/٣٤٨-٣٥٢)

پوچ و خراپە ، وە ووروژاندنی هەواو ئارەزووەکانە و هیچی تر، بەڵکو هەمیشە بینراون لە فەرمان کردن بە چاکەو شتی باش و سوود مەندا، وە بەردەوام کۆ بوونەتەوە لە سەر یادکرن و پەرستشی خوای گەورەو میهرەبان. لە ڕاستیدا دەمەوێت لەم ماوە کەمەدا ئەوە بە خوێنەری بەڕێز بڵێم ....کە گوێ گرتن لە گۆرانی و مۆسیقا دەبێتە هۆی لاواز بوونی باوەڕو خۆشحاڵ بوونی شەیتان ، دەی ئێستا تۆ لە خۆت بپرسە باشە بۆچی دوژمنانی خوا لە هەمووکات زیاتر ئەمرۆ لە سەردەمی ئێستادا ئەوەندە گرنگیان داوە بە و دوو هۆکارەوە کردویانەتە نان و ئاوی خەڵکی؟؟ یاخود کەی بێ باوەڕان و دوژمنانی خوا لە ( جولەکەو شوێن کەوتوانی ) ئەوەندە بە تەنگ نەوەی موسوڵمانەوە بوون تا ئاوا بەناوی هونەرو هونەرمەندان و تیپی مۆسیقاو ئاسوودەیی بۆ ڕوح و....هتد هەڵمان بخەڵەتێنن ئەگەر مەبەستێکی گڵاو لە پشت ئەم فێڵ و تەڵەکەیەوە نەبێت ؟؟!!

.......ئەی براو خوشکی زۆر بەڕێز.........ئایا ئەزانی هەرکات دەنگی گۆرانی و مۆسیقا لە ماڵێکەوە بەرز بۆوە شەیتانەکان هەموویان بە کۆمەڵ بەرەو ئەو شوێنە هەنگاو هەڵدەگرن و ئەو جێگەیە دەکەن بە شوێنی ڕابواردن و جێ بە جێکردنی ئاوات و

مەرازە بۆ گەنەکانیان ، کە زۆریش بە داخەوە مرۆڤیش لەم جۆرە کارەدا هاوکاریانەو یارمەتیان دەدات، هەر بۆیە پێویستە ئەوە بزانرێت کە ئەمەش فێڵێکی ترە لە فێڵەکانی شەیتان کە ناکۆکیەکی وای خستە ناو موسوڵمانانەوە بە تایبەتی دەربارەی ( گۆرانی و مۆسیقا ) خوای گەورە دەفەرموێت :-﴿ ومنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُواً أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴾[لقمان : ٦] واتە: خەڵکانێك هەن کە ئارەزووی ووتەی بێسوود دەکەن وەك ( گۆرانی و مۆسیقا )بۆ لادان لە رێگەی خوا وە دەیکەنە هۆی گاڵتە جاڕی ، ئەو کەسانە سزایەکی ئابڕوو کەریان بۆ هەیە .بۆیە زۆربەی زانایان ( ڕەحمەتی خوایان لێبێت ) کۆڕان لەسەر ئەوەی کە **( لهوالحديث )** واتە ( گۆرانی و مۆسیقا )ئیمامی ابن عمر ( خوالێ یان ڕازی بێ ) دەفەرموێت: ( ئەم ئایەتە باسی حاڵی ئەو کەسانە دەکات کە سەرپێچی خوا دەکەن و هۆکار بە کار دەهێنن بۆ ڕێگرتن لە بلاَو بوونەوەی دینی خوا ، وە هەمیشەش خەریکی پشت هەڵکردنن لە ئاینی خوا و ڕوویان کردۆتە شتی پڕو پووچ و بەتاڵ وەك گوێ گرتن لە گۆرانی و مۆیسقا و شتی ناڕەوا زوڕناو ئامێرە وروژێنەرەکان، جگە لەوەی کە سێ جار سوێندی خوارد کە ئەو

ئایەتـە مەبەسـتی گۆرانیـە ([٢٤]) . هـەروەها ئیمـامی ئـیبن القـیم (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت ) چـەند نـاوێکی هێنـاوە لـە کتێبـە بـە نرخەکەیدا ( اغاثة اللهفان ) دەربارەی گوێ گرتن لە گۆرانی و مۆسـیقا کـە دەفـەرموێت (اللهو ، اللغو ، الباطل ، الزور ، المكاء ، التصدية ، رقية الزنا ، قران الشيطان ، منبيت النفاق في القلب ، الصوت الاحمق ، الصوت الفاجر ، صوت الشيطان ، مزمور الشيطان ، السمود )[٢٥] خـوای گـەورە لە ئایەتێکی تردا دەفـەرموێت : ﴿ اسْـتَفْزِزْ مَـنِ اسْـتَطَعْتَ مِـنْهُمْ بِصَوْتِكَ﴾ لقمـان /٦. واتـە: ئـەی شـەیتان هـەر کەسێك لەوانـە کـەتۆ دەتەوێت هانیان بدەو ئەوەندەی کە توانات هەیە بە سەریاندا زاڵ بەو بە (دەنگ و گۆرانیە کانت ) هاوار بکە بە سەریاندا .ئیمامی قورتـوبی ( ڕەحمەتی خـوای لێبێـت)دەفـەرموێت : ( ئـەم ئایەتـە بـە ڵگەیـەکی تـەواوە لەسـەر ئـەوەی کـە شمـشاڵ و هاوشـێوەکانی لـە ئـامێرە مۆسیقیەکان حـەرامن)[٢٦] ، وە موجاهـد ( ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت )

---

(٢٤)تفسير ابن كثير (٣/٤٤٢)

(٢٥) **بڕوانە**: إغاثة اللهفان (١/٢٤٢).

(٢٦) **بڕوانە**: تفسير القرطبي (١٠/٢٩٠).

دەفەرموێت ( بصوتك ) واتە گۆرانی و شمشاڵ .([٢٧]) هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت : ﴿ أَفَمِنْ هَٰذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُونَ ﴾ [النجم :٥٩ – ٦٠ ] . واتە: ئایا ئێوە سەرتان سورِ دەمێنێ لەو قورئانە و پێی پێ دەکەنن و ناگرین، وە ئێوە گۆرانی دەڵێن. ئیمامی إبن الجوزی ( رەحمەتی خوای لێبێت ) دەفەرموێت:(( ووشەی ( انتم سامدون ) واتە گۆرای دەڵێن بە زمانی یەمەنی کۆن )) (زاد المیسر ٨/ ٨٦) کەواتە بە ڵگە زۆرن لە بۆ حەرام بوونی کۆرانی و مۆسیقا لە قورئاندا ، وە ترسناك ترین هۆکاریانە کە شەیتان دەیگرێتە بەر بۆ فریودانی مرۆ ڤەکان ، وە هەر بەمەش بەندەکانی خوا گومڕا دەکات و ئەمەش لەو ڕووەوە کە ( نوێژ) پەرستنێکی گەورەیە وخوای گەورەش سەرپەرشتی دەکات، خاوەنەکەشی دەپارێزێت لە ( الفحشاء ) و ( المنکر ) بەلآم گۆرانی و مۆسیقا فەرمان دەکەن بەم دوو کارە ، چونکە شەیتان سەرپەرشتی دەکات ........

---

(٢٧) بروانە: مختصر ابن كثير (٢/٤٧٧)

**پێغەمبەری خوا (ﷺ ) دەفەرموێت :**- (صوتان ملعونان في الدنيا و الآخرة: مزمار عند نعمة و رنة عند مصيبة)(٢٨) **دوو دەنگ نەفرەتیان لێ کراوە لە دونیاو دوارِۆژدا ئەوانیش : ئاوازو موٚسقا لە کاتی خوٚشیدا وە دەربرِینی دڵتەنگی لە کاتی نەهامەتی و ناخوٚشیدا .هەروەك ئیمامی أبو مالك الاشعری ( خوالێی رِازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ ) فەرموویوتی** (ليكونن من أمتي أقوام يستحلون الحر والحرير والخمر والمعازف)(٢٩). **واتە: لەناو ئەم ئوممەتەی مندا کوٚمەڵێك کە پەیدا دەبن داوێن پیسی و پوٚشاکی حەریرو مادەەی بێ هوٚشکەرو ئامێرە موٚسیقیەکان حەلاڵ دەکەن .واتا ئەم جوٚرە کەسانە بەر هەرِشەی خوایی دەکەون، چونکە خوٚی لە بنەرِەتدا حەرامە بەلاٚم ئەمان دێن حەلاٚڵی دەکەن .جا بەکام فەتوا ؟ ئەی بە کام بە لگە ؟ تەنها بە فێڵی شەیتان و بەس ...عبدالله ی کورِی عەبباس ( خوالێی رِازی بێت ) دەفەرموێت :-**(الدف حرام والمعازف حرام والكوبة حرام والمزمار حرام)(٣٠) . **واتە: دەف لێدان حەرامە، وە موٚسیقا حەرامە، وە**

---

(٢٨) **بروانە**: صحيح الجامع (٣٨٠١).

(٢٩) رواه البخاري (٥٥٩٠) **بروانە**: سلسلة الأحاديث الصحيحة (٩١).

(٣٠) أخرجه البيهقي (٢٠٧٨٩) **بروانە**: تحريم الات الطرب (١/١٠).

تـەپڵ حەرامـە، وە شمـشاڵیش حەرامـە .عبـدالله ی کـوڕی مەسـعود (خوالێی ڕازی بێت ) دەفـەرموێت: (الغناء ينبت النفاق في القلـــب )[٣١] واتا:– گۆرانی دووڕوویی لە ناو دڵدا دەڕوێنێت .پرسیار کرا لە ئیمامی مالـك ( ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت ) دەربـارەی گـۆرانی و مۆسـیقا ؟ ئەویش فەرمووی: ( إنما يفعله عندنا الفساق )[٣٢] واتـە: ئـەوە لای ئێمـە تەنها لە سنوور دەرچووەکان دەیکەن. ئیمامی إبن تیمیە( ڕەحمـەتی خوای لێبێت ) دەفەرموێت: ( گـەورەترین حاڵـەت بـۆ بـە هێـز کردنـی شەیتان، کاتی گوێ گرتنە لـە گـۆرانی و مۆسـیقا وە خولیابوونـە بـەو کارەوە، ئەمـەش کـاری هـاوەڵ پەیدا کـەرەکان بـوو، وە فـەرمووی: هەرکەسێکیش ئەمـە بکاتـە دیـن و ڕێگـەی بـەرەو خـوا چـوون ئـەوە گـومڕاو گـومڕا کـەرە و بـو ختـان چـی یـە کـە ئەمـەش کـۆ دەنگـی موسوڵمانانە )[٣٣] . کەواتە: ئێستا سەر پشك بە دوای ئەم بـە لێگانـە خـۆت بڕیـار بـدەو دڵنیـاش بـە لـەدوای ڕاسـی هیـچی تـر نیـە، تـەنها گومڕایی نەبێت. بۆیە هەر لێرەوە تەوبە بکـەو بـەپێی توانـات دەنگـی

---

(٣١) بروانە: بەرتوکی مدارج السالكين(٤٨٧/١).

(٣٢) تلبيس إبليس ( ٢٦١).

(٣٣) مجموع الفتاوى(٦٣٣/١١).

شەیتان لەماڵەکەت کپ بکەو پێچەوانەکە ببیستە کە ئەویش قورئانی پیرۆزەو هەر بەوەش سەرفرازی دونیاو دواڕۆژ دبیت .

**شەشەم :- پاك کردنەوەی ماڵ لە جەڕەس ( زەنگوڵە )**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (الجرس مزامير الشيطان)[٣٤] واتە: زە نگوڵە مۆسیقای شەیتانە.

بەندەی خوا هەرکات بەتەواوی تەسلیمی دینی خوا بوو، وەشوێن بەرنامەو رێبازە پاکەکەی بوو ئەو کات لەسەری پێویستە زیاتر ئاگاداربێت و شەیتان لغاوی نەکات، چونکە ئەوە تاکە ئاوات و ئامانجی دوژمنە سەرسەختەکەیە، کەواتە هۆکارێکی تر لەوانە هەبوونی زەنگوڵەیە لە ماڵدا جا ئەوەش بۆ جوانی بێت وەك ئافرەتانی پێشوو دەیانکردە قاچیان یان دەستیان و دەنگی دەهات یاخود بۆ کردنە ملی حەیوانات بێت دوور لە ڕووتان. ئەمەش دەبێتە هۆی نزیك بوونەوەو ئامادەبوونی شەیتان و دوورکەوتنەوەو رۆیشتنی

(٣٤) رواه مسلم (٥٥١٤).

مەلائیکەت وەك لـە فەرموودەیەکدا هـاتووە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ ) دەفەرمویێت: (لا تصحب الملائكة رفقة فيها كلب ولا جرس)(٣٥).

واتە: مەلائیکەی خوا هاوەڵی کەسێك ناکات کە لـە نێانیانـدا سـەگ و جـەڕەس ( زەنگوڵـە ) هـەبێت، جـا بەڕێزەکـەم دەی ئـیتر چـی لـەوە هەڕشـەترە کەسـێك پێـی بوترێـت مەلائیکـەی خـوا هـاوەڵی ناکـات، کەواتە بێگومان شـەیتان هاوەڵیـەتی ....هەربۆیـە ئـەوەتا جارێکیـان کیژۆڵەیەك هاتە ژوورەوە بۆلای خاتوو عائیشەی دایکمـان ( خـوا لێـی ڕازی بێت ) کە ئەو کیژۆڵەیە هەنـدێك خڵخـاڵی پێوەبـوو کـە بێگومـان دەنگی دەردەچـوو، جـا دایکمـان فـەرمووی: ئـەو کیژۆڵەیـە مەهێننـە ژوووورەوە، مەگـەر بەیـەك شـێوە ئـەویش خڵخاڵـەکانی لـیّ بکەنـەوە، هەروەها وەك تێبینیەکی گرنگ کە پێویستە موسوڵمانا ئاگادارین ئـەم فەرموودەیە تەنها ئەو جۆرە زەنگوڵانە دەگرێتەوە وەك باسمان کـرد، بەلاّم بە هیچ جۆرێك ئەو جەڕەسانەی ماڵاّن یا خود موبایل ناگرێتـەوە کە بۆ ئاگادارکردنەوەن والله اعلم.......

---

(٣٥) رواه مسلم (٥٥١٢)

**حەوتەم :- پاك كردنەوەی ماڵ لە خاچ و هاوشێوەكانی**

هەرلەو ڕۆژەوەی كە خوای گەورەو میهرەبان شـەیتانی لـە ڕەحمـەتی خۆی دەركرد، شەیتانیش سوێندی خوارد كە بەندەكانی لە ڕێ لابدات و گومڕایان بكات ،بەڵام ئایا دەتوانێت ؟؟ بێگومان بەڵێ، لـە كاتێكـدا تەنها ئەوانە نەبێت كە بەندەی دڵسۆزی خوان و بـەس .خـوای گـەورە دەفەرمەوێت: شـەیتان ووتـی: ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ لَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ﴾[ص : ٨٣ : ٨٢] واتـە: سـوێند بێـت بـە بـالاٚ دەستی تۆ ئەی پەروەردگار دەبێت هەر هەموویان وێڵ و سـەرگەردان بكەم و ڕێگەیان لیَ تێك بدەم، جگە لە بە ندە چاك و دڵسۆزەكانت كە ناتوانم بە سەریاندا زاڵبم . خوای گەرەش وەلاٚمی دایـەوەو فـەرمووی: ﴿قَالَ فَالْحَقُّ وَالْحَقَّ أَقُولُ * أَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾[ص:٨٤ ٨٥] واتە: لە ڕاستیدا ئەی شەیتان مـن ڕاسـتم و وە ڕاستیش دەڵێم و (بەڵێنی خۆشم دەهێنمە دی ) برۆ مادام وایە دەبێت منیش دۆزەخ پڕبكەم لە تۆو هاوشێوەكان و شـوێن كـەوتوانی تـۆ بـە گشتی بە بیَ جیاوازی . واتە خوای گەورە لێرەوە شەیتانی بیَ منـەت كـردووە لـە وەی كـە بیـەوێت بەنـدەكانی خـوا سەرشـێواو بكـات، وە خوای گەورەش ئاگاداریەك ئاراستەی شـەیتان و شـوێن كـەوتوانی بـە

گشتی دەكات و پێیان دەڵێت ئازاد بن بەڵام دوا ئەنجام و شوێنگەتان (دۆزەخ )ە .

دایكی بەڕێزمان خاتوو عائیشه ( خوالێی ڕازی بێ ) دەفـەرموێت: (أن النبي (ﷺ) لم يكن يترك في بيته شيئا فيه تصاليب إلا نقضه)[٣٦] .

واتە: پێغەمبەری خوا ( ﷺ) هەرشتێك له ماڵەوه بوایه كه له شێوەی خاچ و هاوشێوەكانی بچوایه ئیلا وازی لێ نەدەهێناو لـه نـاوی دەبـرد یان دەیسڕیەوه. بەڕاستی ئەمەش ئـەو پـەڕی وەفاداریـه بـۆ برایـەكی پێغەمبەری كه پێغەمبەرعیسیایه (ﷺ ) بۆ پوچەڵ كردنەوەو بـەدرۆ خستنەوەی ئەو بیرو بۆچـوونه پڕوپـووچ و هەڵبەسـتراوەی كـه گوایـه پێغەمبەر عیسی (ﷺ ) له خاچ دراوه . ئەمه جگه لەوەی كه ئەمیش فێڵێكـی تـره لـه فێڵـه سـەرگرتووەكانی شـەیتان! ! بـۆ ڕازاندنـەوەو خۆشەویست كردنی ئەودارەی كه بۆتـه پـەرستگەی شـوێن كـەوتوانی شەیتان. جا كەواتـه فـەرموو تـۆش ئـەی بـراو خوشـكی بـەڕێزم وەك وەفایەك بۆ ئەو پێغەمبەرەو(ﷺ ) وه بۆ پشت شـكاندنی شـەیتانیش چاوێك بگێڕه به ماڵەكەتدا به جل و بەرگەكەتدا به قاپ و قاچاغەكەی ماڵەكەتدا بەو پەردەو پۆشاك و نوێنانەی كه بەداخەوه دەبینرێت لـه

---

(٣٦) رواه البخاري (٥٩٥٢).

ماڵی موسوڵماندا، بە نمونە ئەو فانیلەیەی کە بۆ منداڵکەت کڕیوەو وێنەی یاری زانێکی پێوەیەو ئەو یاری زاناش لە سەر دڵی وێنەی خاچێك کراوە یان نوسینێك کەمانای ئەوە دەدات بەدەستەوە.....

**هەشتەم :- پاك کردنەوەی ماڵ لە وێنە و هەیکەل**

بوونی وێنە یاخود هەیکەل لە ماڵدا خۆی لە خۆیدا شتێکی بێزراوەو بەڵگەی حەرام بوونیشی هێند زۆرە کە لێرەدا ناتوانین لێوەی بدوێین، بۆیە پێویستە لەسەر بەندەی خوای گەورە کە بەهەموو شێوەیەك خۆی لەو چوواندنە بە شەیتان بپارێزێت، چونکە بە هەڵواسین بێت یاخود بە هێشتنەوەی لە ماڵدا دەبێتە هۆی خۆشحاڵ بوونی شەیتان و ڕێگر بێت لە هاتنی مەلائیکەت بۆناو ماڵ، جا ئەگەر دەتەوێت خوای گەورە لە ڕیزی پیاو چاکان و ئافرەتە چاکەکان هەژمارت بکات ئەوە پەیوەست بە بە جێ بەجێ کردنی فەرمانی خوای گەورەو زوو بگە بە کاروانی چاکان، چونکە بەڕاستی ئەوانە پێشەنگی کاری چاکەو جوانی و دڵسۆزی بوون، بۆیە دەبێت ئەوەش بزانی کە گرتنی ئەو جۆرە وێنانەو هەڵواسینی لە ماڵدا پەیوەندی بە بیروباوەڕی بەندەوە هەیەو بەشێکە لە یەکتا پەرستی، چونکە ئەو کەسەی وێنەکە دەگرێت یان دروستی دەکات تەواو خۆی چوواندووە بە خوای گەورەو دروستکار.

**خاتوو عائیشەی دایکی باوەڕداران (خـوالێی ڕازی بێـت) دەفـەرموێت:**
(أَنها اشترت نمرقة فيها تصاوير فلما رآها رسول الله صلى الله عليه وسـلم قام على الباب فلم يدخله فعرفت في وجهه الكراهية فقلت يا رسـول الله أتوب إلى الله وإلى رسوله صلى الله عليه وسلم ماذا أذنبت ؟. فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم ( ما بال هذه النمرقة ). قلت اشتريتها لك لتقعد عليها وتوسدها فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم ( إن أصحاب هـذه الصور يوم القيامة يعذبون فيقال لهم أحيو ما خلقتم ). وقال ( إن البيـت الذي فيه الصور لا تدخله الملائكة) (٣٧).

**واتـە: سـەرینێك یـان پـشتیەكم كـڕی كـە وێنەیـەكی تێـدابوو، جـا پێغەمبەری خوا( ﷺ) هات بۆ مـاڵم و لـە دەرگاكـە ڕاوەسـتاو نەهاتـە ژوورەوە ، منیش پێم زانی كە لە دەم و چاویدا ناخۆشـحاڵیەك هەیـە، بۆیـە ووتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ ) تەوبـە دەكـەم و دەگەڕێمـەوەبۆلای خـوا پاشـان بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا(ﷺ ) ئایـا تاوانێكم كردووە ؟ ئەویش فەرمووی ئەی عائیشە ئەم سەرینە چی یـە ؟ منیش ووتم ئەوە كڕیومە بۆ ئەوەی تۆ هەركات هاتیت بۆ ماڵم پـاڵی پێوە بـدەی و پـشووبدەی و مانـدوویت دەچێت ،ئینجا پێغەمبـەری**

(٣٧) رواه البخاري (٥٩٥٧).

خوا (ﷺ )فەرمووی: خاوەنی ئەم وێنەیە سزا دەدرێت و پێی دوترێت چۆن لە دونیادا دروسست دەکرد فەرموو ئێستاش ئاوا دروستی بکەو گیانیشی بخەرە بەر ، کە بێگومان ناتوانێت ،پاشان فەرمووی :ئەی عائیشە هەر ماڵێك وێنەی تێد بێت ئەوە مەلائیکەی خوا ناچێتە ئەو ماڵەوە .هەروەها (**ابي طلحة** )( خوا لێی ڕازی بێت ) دەفەرموێت پێغەمبەری خوا ( ﷺ) فەرمویەتی: ( لاتدخل الملائكة بيتا فيه كلب ولاصورة )[٣٨] واتە: مەلائیکەی خوا ناچنە ماڵێکەوە کە سەگ و وێنەی تێدابێت . بەڕاستی گرتنی وێنەو دروستکردنی هەیکەل و شێوەدارەکان لەسەردەمی ئەمڕۆماندا بۆتە نەهامەتیەکی گەورەو بەڵایەکی کۆتایی نەهاتوو، کەواتە پێویستە لێرەوە سەرنجی بەڕێزت بۆ ئەوە ڕابکێشین کە بەهەموو شێوەیەك خۆت و ماڵو منداڵت بپارێزیت لە و شەیتانە ئەویش بە نەهێشتن و لابردنی ئەو وێنەیەی کە لە ژوور سەرتەوە لە ماڵەکەتدا هەڵواستراوە یان ئەو هەیکەلانەی لە شێوەی مرۆڤ یان لە شێوەی گیاندارانـدا بۆ جوانی دروستکراوەو تۆش خستوتەتە ناومعرض پێشانگاکەتەوە . لە فەرموودەیەکی تردا **هاتووە کە** (واعد رسول الله صلى الله عليه وسلم جبريل صلى الله عليه

---

(٣٨) رواه البخاري (٥٩٤٩) ومسلم(٥٤٨١).

وسلم أن يأتيه فراث عليه حتى اشتد على رسول الله صلى الله عليه وسلم فخرج فلقيه جبريل صلى الله عليه وسلم فشكا إليه فقال إنا لا ندخل بيتا فيه كلب ولا صورة)[٣٩] .

**واتە: جبریل ( سەلامی خوای لەسەربێت) پەیمانی دابوو بە پێغەمبەری خوا (ﷺ ) کە سەردانی بکات و یەکتری ببینن، بەڵام جبریل ( سەلامی خوای لێبێت) دوا کەوت و نەهات، لەو کتەشدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆری بۆ هات و توونـد بوو پاشان چووە دەرەوە و لە ڕێگاکەدا بە جبریل گەیشت، جا پێغەمبەری خوا( ﷺ) شکاتی ئەو دوا کەوتنەی لاکرد. جبریلیش ( سەلامی خوای لێبێت ) فەرمووی: ئێمە ( مەلائیکەکان ) ناچینە ماڵێکەوە کە سەگ و وێنەی تێدابێت . جا ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە هەیکەلێك لەسەر دەرگای ماڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ ) بوو، هەروەها لە ژووریشەوە پەردەیەکیان هەبوو کە وێنەی پێوە بوو، لە هەمان کاتیشدا لە ناو حەوشەکەدا سەگێك هەبوو . پاش ئەمە جبریل ( سەلامی خوای لێبێت ) فەرمانی کرد بە پێغەمبەری خوا (ﷺ ) کە ئەو شتانە**

---

(٣٩) رواه ابن ماجة (٣٦١٤) وصححه الشيخ الالباني رحمه الله في صحيح الترغيب والترهيب(٣٠٥٩).

نەهێڵێت. بەڵام لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین کە وێنەی سرووشت( وەك کێشانی وێنەی شاخ و ئاوو دارو ڕۆژوو ......... هتد بەمەرجێك گیان لەبەر نەبێت ) . والله اعلم

**نۆیەم : - پاك کردنەوەی ماڵ لە سەگ**

ڕاگرتنی ئاژەڵێك لە ناو ماڵدا بە ناوی ( سەگ ) بەبێ هیچ بیانوویەك ئەو دەبێتە هۆی بەرپابوونی ڕق و کینەو ئاژاوەی نێوان کەسەکان، جگە لەوەی کە هۆکاری سەرەکییە بۆ ئامادەبوونی شەیتان، لەبەر ئەوەی مەلائیکەی خوا ڕوو ناکاتە ماڵێکەوە کە سەگی تێدابێت، بەوەش دەبێتە جێ حەوانەوەی شەیتان، پێغەمبەری خوا ( ﷺ) دەفەرموێت: ( من اقتنى كلبا إلا كلب ماشية أو كلب صيد نقص من عمله كل يوم قيراط)[٤٠] واتە: هەر کەسێك بۆ هەرمەبەستێك سەگ ڕابگرێت، جگە لە سەگێك کە بۆ پاسەوانیەو یان سەگێك کە بۆ ڕاوکردنە، ئەوە هەموو ڕۆژێك بە ئەندازەی دوو کێوی ئوحود لە کردەوەکانی کەم دەکرێتەوە. ئەوە جگە لەوەی کە لە پێشوودا ئاماژەمان پێکرد بەو فەرموودەیەی کە دەبێتە هۆکاری نەچوونە ژوورەوەی مەلائیکە بۆ ئەو ماڵەهەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ

(٤٠) رواه البخاري (٥٤٨٢) ومسلم (٣٩٩٩).

**دەفەرموێت:** (عليكم بالأسود البهيم ذي النقطتين فإنه شيطان)[٤١]. **واتە: ئاگادارتان دەکەمەوە لە ئاژەڵی ڕەشی خاوەن دوو خاڵی سپی( دوو خاڵی سپی لەسەر چاوەکانی)،چونکە ئەوە شەیتانە. لێرەدا مەبەست لە ئاژەڵی ڕەش (سەگی ڕەشە).. والله اعلم.**

**دەیەم :- زیاد نوێژ کردنی سوننەت لە ناو ماڵدا**

**برای بەڕێزم ....... خوشکی سەنگین .........**

**نوێژی سوننەت یەکێکە لەو پەرستنانەی کەلەناو کارە چاکەکاندا پاداشتێکی زۆر بۆ ئەنجام دەرەکەی ئامادە کراوە، وەدەشبێتە هۆی نزیك بوونەوەی بەندە لە خوای گەورەو میهرەبان، واتا هەرکات نوێژی سوننەتت لە ماڵدا ئەنجام دا ئەوەمانای ئەو پەڕی بە تەنگەوەهاتن و دڵسۆزی و وەفاداریە بوچ ئەو پێغەمبەرەی (ﷺ) کە تۆ خۆت بە شوێن کەوتەی دەزانی و بێگومانیش هەر وایە، وە دەشبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی پلەی بەندە لای خوای گەورە ئەمەجگە لەوەی کە ماڵەکەت ئاوەدان دەکاتەوەو لە چۆڵەوانی و بێدەنگی دەپارێزێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت:** ( اجعلوا من صلاتكم في بيوتكم ولا تتخذوها قبورا، معناه صلوا فيها ولا تجعلوها كالقبور مهجورة من

---

(٤١) رواه مسلم (٣٩٩٦) **بروانە:** صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٤٠٥٧).

الصلاة والمراد به صلاة النافلة أي صلوا النوافل في بيوتكم )[٤٢]. **واتـه: بـا نوێژە سوننەتەکانتان لە ماڵەوەبێت، وەماڵیش مەکـەن بـە گۆڕسـتان. لەبـەر ئـەوەی بێگومـان گۆڕسـتان شـوێنێکی بـێ دەنـگ و خامۆشـەو چۆڵەوانیە هەرکاتیش نوێژ خوێندرا لە ماڵەوە ئـەوە زیندووکردنـەوەی ئـەو ماڵەیـەو هـەروەك ئیمـامی نـەوەوی ( ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت ) دەفـەرموێت:** ( حث على النافلة في البيت لكونه أخفى وابعد من الريـــاء واصون من المحبطات )[٤٣]. **واتە: ئەم فەرموودەیـە ی سـەرەوە هانمـان دەدات تا زیاتر سـوور بـین لەسـەر ئـەنجام دانـی نوێـژە سـوننەتەکان لـەناو ماڵـدا ،چـونکە ئـەو جـۆرە کـارە دوورە لـە ڕیـاو بەرچـاوی وە پارێزراویش دەبێت لە کردەوەی پوچـەڵ وەدەشـبێتە هـۆی دابـەزینی فەڕو بەرەکەت .هەروەها پێغەمبەری خوا ( ﷺ) دەفەرموێت:** (فصلوا أيها الناس في بيوتكم فإن أفضل الصلاة صلاة المرء في بيته إلا المكتوبة)[٤٤]. **واتە: ئەی خەڵکینـە نوێـژە سـوننەتەکانتان بەرنـەوە ماڵـەوە و لـەناو ماڵدا ئـەنجامی بـدەن، چـونکە بەڕاسـتی باشـترین و خێرتـرین نوێـژی مـرۆڤ ئـەو نوێـژە سـوننەتەیە کـە لـە ماڵـدا دەکرێـت جگـە لـە نوێـژە فەرزەکان .**

---

(٤٢) رواه البخاري (٤٣٢) ومسلم (١٨١٧).

(٤٣) شرح النووي على مسلم(٦/٦).

(٤٤) رواه البخاري (٧٣١) ومسلم (١٨٢٢).

**یانزەیەم :- ووتەی چاك و زەردەخەنە**

لە دیارترین ڕەوشتە بەرزو پیرۆزەكانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بایەخ دانە بە ووتەی چاك و ڕووخۆشی و نواندنی زەردەخەنە، چونكە هۆكارە بۆ ڕاكێشانی سەرنجی بەرامبەرت وەدەشتوانی هەربەم كردارەت جوانترین و ڕازاوەترین خەندە پێشكەشی بەرامبەرەكەت بكەیت، بەمە دەتوانی دوژمنایەتی خۆت بۆ شەیتان ڕابگەیەنیت و بەهیچ شێوەیەكیش هیچ كەسێك لە ترش و تاڵی و مرو مۆچی سوودی نەبینیوەو خەیری دەست نەكەوتووە ، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلإِنْسَانِ عَدُوّاً مُّبِيناً﴾ [الإسراء : ٥٣].

واتە: ئەی پێغەمبەر ( ﷺ) بەبەندەكانم ڕابگەیەنە و پێیان بڵێ: ووتەیەك بڵێن كە جوانترین و باشترین ووتە بێت، چونكە شەیتان ناكۆكی و ئاژاوە و دووبەرەكی دەخاتە نێوانیانەوە. ( بەهۆی ئەو گرژی و ووتە پڕوپووچانەوە )وە بە ڕاستی شەیتان دوژمنێكی ئاشكرایە بەرامبەر بە مرۆڤ یاخود پێغەمبەری خوا( ﷺ) دەفەرموێت: (اتقوا النار ولو بشق تمرة فمن لم يجد شق تمرة فبكلمة

طيبة)[٤٥] واتە: خۆتان بپارێزن لە ئاگری بڵێسەداری دۆزەخ، ئەگەرچی بە بەخشینی لە تە خورمایەكیش بێت نئەگەر هەرتوانی ئەوەشت نەبوو ئەوە بەووتەیەكی چاك و باش لە گەڵ بەرامبەرت بدوێ. بەڵێ بەڕاستی جوانتری بەرنامە بەرنامەی ئیسلامە ، چونكە بچوكترین شتی وەلانەناوەو هەمووی ڕاگەیاندووە ئەو پێغەمبەرەش (ﷺ) خەمخۆرو دڵسۆزی بونەوەر دەفەرموێت: (لا تحقرن من المعروف شيئا و لو أن تلقى أخاك بوجه طلق)[٤٦] واتە: بەسووك وئاسان وكەم تەماشای شتێك لە كردەوەكان مەكەن، ئەگەرچی نواندنی بزە خەندەیەكیش بێت لە ئاست بەرامبەرەكەتدا. بەڕاستی باشترین شوێن بۆ ڕازاندنەوەی بەم ووتەو بزەخەندەیە ماڵەكانە، چونكە ماڵ شوێنی كۆ بوونەوەی خێزانەكانەو شەیتانیش دڵ تەنگ دەبێت بەو نواندنە، بەردەوام لە هەولایە بۆ تێكدانی شیرازەی خێزانەكان. دەتۆش وریابە و مەهێڵە شەیتان لەو ڕێگایەوە فریوت بدات .

---

(٤٥) رواه البخاري (٦٠٢٣) ومسلم (٢٣٤٦).

(٤٦) رواه مسلم (٦٦٣٣) **بڕوانە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٧٢٤٥).

**دوانزەیەم:- پاك وخاوێن بە لە نێو ماڵدا**

دینی خوای گەورە هەمیشە فەرمانی کردووە کە موسوڵمانان پاك و خاوێن بن و شتی پاکیان خۆش بوێت، بەتایبەتی تر لە کارو باری نێو ماڵدا ئەویش بەوەی کە ماڵ شوێنی حەوانەوەی مرۆڤەو پێویستیشە بە پاك و خاوێنی ڕابگیرێت، بەتایبەتی کە ئەمە زیاتر کاری خوشکانی بەڕێزە کە دەتوانن لەم ڕێگەیەوە ئەوانیش بەرەنگاری شەیتان ببنەوەو خۆشحاڵی نەکەن بەوەی کە ماڵەکەیان بەپیسی بمێنێتەوە لە هەموو ڕووەیەکەوە، هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّن السَّمَاء مَاء لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ وَيُذْهِبَ عَنكُمْ رِجْزَ الشَّيْطَانِ ﴾الانفال /١١ واتە: خوای گەورە لە ئاسمانەوە ئاوتان بۆ دائەبارێنێت بۆ ئەوەی کە خۆتانی پێ پاك بکەنەوە. وە ئەو پیسیەی شەیتانیشتان لە سەر بڕوات و نەمێنێت، هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (طهروا هذه الأجساد طهركم الله فإنه ليس عبد يبيت طاهرا إلا بات معه ملك في شعاره لا ينقلب ساعة من الليل إلا قال: اللهم اغفر لعبدك فإنه بات طاهرا)[٤٧] واتە: لاشەتان پاك ڕابگرن تاکو خوای گەورە پاکتان بکاتەوە، چونکە هەربەندەیەك

---

(٤٧) **بروانە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٣٩٣٦).

بەپاك و خاوێنی شەو بكاتەوە ئیلا مەلائیكەیەكی لە گەڵدا دەبێت و هیچ كاتێك لە شەو تێناپەڕێت ئەو مەلائیكەیە دەفەرموێت: ( خوایە لەم بەندەیەت خۆش ببە، چونكە بە پاك و خاوێنی شەوی كردەوە ).

**سیانزەیەم :- زیادە ڕەویی نەکردن لە کارو باری ناوماڵدا**

زیادە ڕەوی كردن لە شتە دونیاییە كاندا بەتایبەتی تر لە كارو باری ناو ماڵدا یەكێكی ترە لە هۆكارەكانی ئامادە بوونی شەیتان، چونكە ئەوەی كە وا لە مرۆڤ دەكات كە لە خۆی دەربچێت و بوغرابێت تەنها زیادە ڕەوی كردنە لە پێداویستی ناوماڵدا بە زیادە، هەربۆیە شەیتان خۆشحاڵە بەم كەسانەو بگرە هانیشیان دەدا بۆچی ؟ چونكە خوای گەورە ئەو جۆرە كەسانەی بە برایانی شەیتان ناوبردووە. وەك دەفەرموێت: ﴿ انَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُواْ إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُوراً ﴾ [الإسراء : ٢٧] واتە: بەڕاستی كەسانی زیادەڕەو دۆست و برای شەیتانەكانن، بۆیە شەیتانیش لە بەرامبەر بەخششەكانی پەروەردگاردا هەمیشە بێ باوەڕو سپڵەیە. كەواتە وریاو ئاگاداربە ئەی ئەو كەسەی كە هەمیشە دەستت لە زیادەڕەوی و بەبادادانی پارە ومالّ و سەروەتدایە ،بزانەو ڕۆژێك دادێت لەو زیادەڕەوی كردنە لێت دەپرسرێتەوەو خۆشی و ڕابواردنی دونیاش ئەوە ناهێنێت كە وای بۆ

دەكەیت، بەڕاستی ئەمە سیفەتێكی زەم كراوە لای زۆربەی زانایان ( ڕەحمەتی خوایان لێبێت ) پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت :
(فراش للرجل و فراش لامرأته و الثالث للضيف و الرابع للـــشيطان)[٤٨].
واتە: جێگایەك بۆ پیاو، جێگایەك بۆ ئافرەت، جێگایەك بۆ میوان، چوارەمیش بۆ شەیتان. واتە هەركەسێك زیادەڕەوی بكات لەهەر شتێكدا كە بەشی شەیتانی تێدا بهێڵێتەوە ئەوە مانای وایە بەر ئەم فەرموودەیە دەكەوێت . ئەمە جگە لەوەی كە پێغەمبەری خوا (ﷺ ) لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرموێ : (( إن الله يرضى لكم ثلاثا ويكره لكم ثلاثا ... ويكره لكم قيل وقال وكثرة السؤال وإضاعة المال)[٤٩].
واتە: بەڕاستی خوای گەورە بە سێ شت تێتاندا لێتان ڕازیە .........
وە سێ شتیش تێتاندا پێی ناخۆشە لەوانە: ووتیو وتیان، زۆر پرسیار كردن ( لەشت كۆڵینەوە )، وە بەفیڕۆدانی ماڵ. كەواتە ئێستا بزانە كە خوای گەورەو بەرز هەرشتێك كە پێی خۆش بێت و سوودی تۆی تیابێت لێتی ناگرێتەوە وەهەرشتێكیش كە زیانت پێ بگەیەنێ و ماڵ وێرانی دوا ڕۆژت بكات لێتی دەگرێتەوەو ناهێڵێ تووشی ببێت

---

(٤٨) رواه مسلم (٥٤١٩) بږوانە: صحيح الجامع للشيخ الألباني رحمه الله (٤١٩٨).
(٤٩) رواه مسلم (٤٤٥٩) بږوانە: صحيح الجامع للشيخ الألباني رحمه الله (١٨٩٥).

مەگەر بۆ خۆت و بەزۆر مل نەدەی . ئەمە جگەلەوەی کە خوای گەورە کەسانی( زیادە ڕەوی ) خۆش ناوێت ، جا پەنا بە خوای گەورە کەسێك هەڕەشەی خۆش نەویستنی خوای لێ بکرێت دەبێ بە نیازی چی بژیت لەم دونیایەد ؟؟ ....

**چواردەیەم :- بەخشین و خێرکردن لەماڵدا**

بەخشین وخێرکردن لەو ماڵەی کە خوای گەورە پێی بە خشیویت دەبێتە هۆی دابەزینی ڕەحمەتی خوا بۆ سەربەندە، وە هۆکاری بەختەوەری و ئاسوودەیی مرۆڤیشە، ئەمە بۆکەسێك کە لە پێناوی خوادا ببەخشێت و بەس لەبەر ئەوەی کەسی خێرکەر سەرەڕای ئەوەی لای خوای میهرەبان پاداشتی تایبەتی بۆ ئامادەکراوە لەناو خەڵکیشدا بە کەسێکی بەرزو بەڕێز و چاك ناو زەند دەکرێت، کەبەڕاستی ئەوەیە ئەو ئیسلامەی کە هەمیشە لە خزمەتی تاکەکانی کۆمەڵدایەو بۆ هێنانەدی خۆشبەختی و گیانی هاوکاری دروستکردن هاتووە ، جائایا ماڵ بەبەخشین کەم دەکات ؟ نەخێر بێگومان ،چونکە هۆکارە بۆ بزەخەندە خستنە سەر لێوانی کەم دەستان و نەداران کە چاویان بریوەتە دەستی خوا پێداوان و خێرخوازان، خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ كَمَثَلِ

حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّئَةُ حَبَّةٍ وَاللّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاءُ وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾ [البقرة : ٢٦١] .

واتە: وێنەی ئەو جۆرە کەسانەی کە ماڵ و سامانیان لەپێناوی خـوادا دەبەخشن ، وەك وێنەی ئەو دەنکە تـۆوە وایـە کـە ڕوابێـت و پاشـان حەوت گـوڵی گـرتبێ و وە لـە هـەر گوڵێکدا سـەد دانـەی تێـدابێت وە خوای گـەورە دەسـەلاتی هەیـە کـە لەمـەش زیـاتری بکـات ،وەخـوای گەورەش خۆی خاوەنی بەهرەی فراوانی ئاگادارە .هەربۆیـە بەخـشین لەو ماڵـە دەبێتـە هـۆی دڵ تـەنگ بـوونی شـەیتان و قـسە شـکاندنی، چونکە شەیتان هەمیشە دەیەوێت تۆوی چروکی و دەست نوقـاوی لـە ناخی مرۆڤدا بڕوێنێت، کە بـە داخـەوە ئـەمڕۆ دەیبیـنین .پێغەمبـەری خوا (ﷺ ) هەمیشە بەتەنگ هەژاران ولی قەوماوانەوە بووە بەردەوام هانی موسوڵمانانی داوە کە گیانی برایەتی و هاوکاریان هەبێت ئـەوەتا لە فەرموودەیەکدا دەفـەرموێت: ما من يوم يصبح العباد فيه إلا ملكـــان ينزلان فيقول أحدهما اللهم أعط منفقا خلفا ويقول الآخر اللـــهم أعـــط ممسكا تلفـــا)[٥٠]. واتـە: هـەرکات ڕۆژ لەبەنـدەکانی خـوا بـووەوە دوو مەلائیکـەی بـەڕێزی خـوا دادەبـەزن ، یـەکێکیان لـە خـوای گـەورە

---

(٥٠) رواه البخاري (١٤٤٢) ومسلم (٢٣٣٣).

دەپارێتەوەو دەفەرموێت: خوایە بـۆ خـاتری هـەموو نـاوە جوانـەکانی خــۆت هەرکەســێك لــەپێناوی ڕەزامەنــدی تــۆدا مــاڵ و ســامانی دەبەخــشێت ئــەوە شــوێنەکەی بــۆ پڕبکەیتــەوە، وەئــەوەی تریــا دەپارێتەوە دەفەرموێت: خوایە بۆخاتری هەمووناوەجوانەکانی خـۆت ئەوەی لەپێناوی تۆدا مـاڵ و سـامانی نابەخـشێت و ڕەزیـل و چـروکە ئەوە ماڵ و سامانەکەی لە ناو ببەیت و تووشی زەرەرو زیانی بکەیت.

**پانزەیەم :- خۆنەچوواندن بە شەیتان لە**

**( دانیشتن لە نێوان سێبەرو هەتاودا) وە لە (پەلە پەلە کردن) دا**

بەڕاستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەرمەشقی چاکەکاران ورزگار کـەری مرۆڤـەکان ،ڕێ نیـشاندەرو چـرا ڕۆشـنکەرەوەی نێـو کۆمـەڵ و تـاك، خۆشەویـستمان (ﷺ ) ســەروەری مرۆڤایــەتی بــەردەوام دەیــەوێت مرۆڤەکان نەکەونە داوی شـەیتانەوە نەبنـە خـۆراکی ئـەو دوژمنـە زۆر زانە ئاگداری کردوینەتەوە لە وەش کە (نهى أن يجلس بين الضح و الظل و قال: مجلس الشيطان)[٥١] . واتـە: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ ) قەدەغـەی کردووە کە پیاو لە نێوان سـێبەرو هـەتاودا دابنیـشێت، چـونکە ئـەوە

---

(٥١) بڕوانـە: صحيح الجامع للشيخ الألباني رحمه الله (٦٨٢٣) وفي سلسة الأحاديث الصحيحة (٨٣٨).

شوێنی دانیشتنی شەیتانە. بەڕاستی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە موسوڵمان هەمیشە پێویستە کە پێچەوانەی شەیتان هەنگاو هەڵگرێت و شوێن ئەو بەرنامە ڕاست و پیرۆزەی ئیسلام بکەوێت. کە لەم فەرموودەیەی سەرەوەدا وادەردەکەوێت کە با دانیشتنت وانەبێت نیوەی لاشەت لە هەتاوو نیوەی ترت لە سێبەربێت. یان بەیەکجاری بچۆ بەر سێبەرەکە یان ئەوەتا بچۆ بەرهەتاوەکە ( صدقت یا رسول الله ﷺ) .

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ ) لەفەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت (التأني من الله و العجلة من الشيطان)[٥٢] .واتە: دامەزراوی و لە سەرخۆیی لە خواوەیە، بەلاّم پەلە پەلە کردن لە شەیتانەوەیە.

جا ئیتر بزانە هەرکات کارێکت هاتە پێش وریابەو پەلەی تیامەکە، چونکە زوو پەشیمان دەبیتەوەو بەلاّم دوایش سوودی نیە. هەربۆیە پێشەوای مرۆڤایەتی( ﷺ) ئامۆژگاری ئەشجەعی قیسی کرد و پێی فەرموو:(إن فيك لخصلتين يحبهما الله تعالى: الحلم و الأناة)[٥٣] . واتە: ئەی قەیس بەڕاستی تۆ دوو سیفەتت تێدایە کە خوای گەورە خۆشی دەوێت ئەویش: دانایی و لە سەرخۆیی یە .

---

(٥٢) **بڕوانە:** صحيح الجامع للشيخ الألباني رحمه الله (٣٠١١) وفي سلسة الأحاديث الصحيحة (١٧٩٥).

(٥٣) رواه مسلم (١١٧) **بڕوانە:** صحيح الجامع للشيخ الألباني رحمه الله (٢١١٦).

**شانزەیەم :- بەتەنها نەبوونی ئافرەت و پیاوی نامەحرەم**

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە دوژمنی گەورە شەیتان دەیگرێتە بەر بۆ لە خشتە بردنی موسوڵمانان، جوان کردن و ڕازاندنەوەی ئەو کارە حەرامەیە و بەردەوامیش هانی ئادەمیزاد دەدات تاکو بە شتێکی کەم بڕواننە ئەو کارەی کە دەبێتە مایەی فیتنەو درووست بوونی کاری بەد ڕەوشتی، بۆیە ئەم بەتەنها پێکەوەبوونەی ئافرەت و پیاوی (نامەحرەم) لە شوێنێکداو کۆ بوونەوەیان سیفەتێکی شەیتانیەو کردەوەیەکی پڕبەپێستی خراپەکارانە، وەئەوەی زیاتر لێرەدا مەبەستە باسی لێوە بکرێت تێکەڵاویە لە ناو ماڵدا و کە کردەوەیەکی سەردەمی نەفامی پێشووەو هەڕەشەی زۆر گەورەی لەسەرە، هەروەك عامری کوڕی ڕەبیعە ( خوالێی ڕازی بێت ) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) فەرمویەتی: (ألا لا يخلون رجل بامرأة إلا كان ثالثهما الشيطان)[٥٤]. واتە: ئاگادار بن و نەکەن هیچ پیاوێك بەتەنها لە گەڵ ئافرەتێکدا بمێنێتەوە کە مەحرەمی خۆی لە گەڵدا نەبێت، چونکە هەرکات ئافرەت و پیاوی نامەحرەم لە شوێنێکدا پێکەوە کۆ بوونەوە ئەوە شەیتان سێهەمیانە. جا پێویستە کە بزانرێت ئەمانە بۆ

(٥٤) **بڕوانە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني رحمه الله (٢٥٤٦).

پیاو نامەحرەمن ( پورزا ، ئامۆزا ، خاڵۆزا ، ئامۆژن ، خاڵۆژن ، براژن ، هاوپۆل ، هاوکار ، دراوسێ ، ...........هتد ) کە بۆ ئافرەتیش بە هەمان شێوەی پێچەوانە هەروایە . هەروەها پێغەمبەری خوا ( ﷺ ) لە فەرمودەیەکی تردا کە ئیمامی عەباس( خوالێی ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: (لا يخلون رجل بامرأة إلا ومعها ذومحرم) [٥٥].

واتە: با هیچ پیاوێکی بێگانە لە گەڵ ئافرەتێکدا بەیەکەوە کۆ نەبێتەوە لە شوێنێکدائیلا مەگەر مەحرەمێکی خۆی لە گەڵدا بێت .ئامۆژگاری بێت بۆ خۆم پاشان بۆ تۆی خوێنەری بەڕێز تکایە خۆت بپارێزە لە تێکەلاّوی (بە پێی توانات) ، چونکە بەڕاستی لەم سەردەمەی پڕ لە فیتنەوفێڵ و تەڵەکەبازی شەیتانەدا زۆر ئاستەمە بتوانی بەسەر هەواو ئارەزوووە کانتدا زاڵبیت ، لە کاتێکدا تۆ بەدەستی خۆت هەنگاو بنێی بەرەو ئەو زۆنگاوەو دەرچوون و ڕزگار بوونیشت لەداوی شەیتان ئەو کات زەحمەتە. بۆیە تا دەتوانی سنورە قەدەغە کراوەکانی خوای زانا مەشکێنە هەمیشە لە گوێ ڕایەڵیدابە، ئەزانی بۆ ؟ لەبەرئەوەی هەموو تاوانەکانی تر هەر لە تێڕوانینێکی حەرامەوە تا دوا کاری خۆشەویست لای شەیتان ( زینا ) بە هۆی ئەو

---

(٥٥) رواه البخاري (١٨٦٢) مسلم (٣٢٥٧).

تێکەڵاوبوونەوەیە، پاشان گفتو گۆو پاشان پێکەنین و دواتر باس کردنی ژیانی یەکترو تاوای لێ دێت جۆری نان خواردن و خەوتنی سەر جێگەش بۆ یەکتری باس دەکەن ......... جا ئیتر نازانم چۆن کەسێك کە بڕوای بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی هەیە ئارەزووی ئەنجام دانی ئەم کارەی دەکات. لە کاتێکدا شەیتان بە ناو خوێن و دەمارەکانی مرۆڤدا هاتوو چۆ دەکات ، پیچغەمبەری خوا( ﷺ ) دەفەرموێت: (إن الشيطان يجري من ابن آدم مجرى الدم)(٥٦).

واتە: بەڕاستی شەیتان لە ڕێگەی خوێن و دەمارەکانەوە دەچێتە ناو لەشی یەکێکتانەوە وهاتوو چۆ دەکات و کاری خراپی پێ ئەنجام دەدات . کەواتە ئێستا ئەگەر دەتەوێت ماڵەکەت پارێزراو بێت لە شەیتان و ناتەوێت ئەو دوژمنە سەرسەختە ببێتە سێهەمتان ، ئەوە هەرگیز ڕێگە مەدە بە ڕەگەزی بەرامبەر کە بەتەنها بێتە ماڵت یان پێکەوە کۆ ببنەوە، دەی باش بزانە ((هەر دەنکە شقارتەیەکی بچوکە خانوویەك دەسوتێنێ )).

---

(٥٦) رواه البخاري (٦٢١٩) بڕوانە: صحيح الجامع للشيخ الألباني رحمه الله (١٦٥٨).

**حەڤدەیەم:- پاك كردنەوەی ماڵ لە ( شیرك )**

**وەك نوشتەو میروو پەت هەڵواسین و ناڵی گوێ درێژ....**

هاوبــەش بڕیــاردان بــۆ خــوای گــەورە یــەكێكی تــرە لــە كــردەوە خۆشەویستەكان لای ئیبلیس، چونكە كەسـی هاوبـەش بڕیـاردەر بـۆ پەوەردگار كەسێكی تر دەكاتە خوا و دەیپەرستێ جا ئەو كەسە مرۆڤ بێت وەك بەناو شێخێك یـان پیاوچاكێكی پێشوو یـاخود بـێ گیانێك بێت وەك دار بـەردو مـانگ و ئەسـتێرەو خـۆر یـاخود جنۆكەیـەك یـان نوشـتەیەك یـان هەرشـتێكی تـر كـە ئەمانـە هـەموویان دەچـنە ڕیـزی هاوبــەش دانــان بــۆ خــوای گــەورەوە، هــەر بۆیــە خــوای گــەروورە دەفـەرموێت: ﴿اِنَ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْماً عَظِيماً﴾ [النساء : ٤٨].

واتە: خوای گەورە لە گوناهێك خۆش نابێت كە بریتی بێت لـە هـاوەڵ بۆ دانانی ، بەلام بە پێی ویستی خـۆی لـە هـەر جـۆرە گونـاهێكی تـر خۆش دەبێت جگە لە هاوەڵ دانان بـۆی ، وە هەركەسـێك هـاوەڵ بـۆ خــوا دابــنێ ئــەوە تــاوان و بوهتــان و درۆیــەكی گــەورەی كــردووە، هەروەها عبداللەی كوڕی مەسعود ( خوالێی ڕازی بێت ) دەفـەرموێت: پێغەمبـەری خـوا ( ﷺ) فەرمویـەتی: (من مات وهو يدعو من دون الله

ندا دخل النار)[٥٧] واتە: هەر کەسێك مردبێ و لە کاتێکدا هـاوەڵی بـۆ خوا بڕیار دابێت غەیری خوای دەپەرست ئەوە دەچێتە نـاو ئـاگرەوە. واتە هەرشتیك کە ببێتە مایەی هاوبەش بڕیاردان بـۆ ألله لـە ماڵەکانـدا درووست نیـە و پێویـستە لـە سـەر سەرپەرشـتیاری ئـەو ماڵـە یـاخود کەسێك کە خاوەن باوەڕی ڕاستە ئەو شتانە لابـەرێت و نـەیهێڵێت جـا ئەوە( نوشتەبێت یان میروو بۆ چاوەزار یان نـاڵی گـوێ درێـژ دوور لـە ڕوتان یان پـەڕۆ یـان ............. ) چـونکە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفەرموێت: (إن الرقى والتمائم والتولة شرك)[٥٨] .

واتە: بەڕاستی نوشتەو هەڵواسینی میروو پەت و خۆشەویـست کردنـی نێـوان ژن وپیـاو هـاوەڵ دانانـە بۆخـوا .یـان لـە فەرمودەیـەکی تـردا دەفەرموێت: (من علق تميمة فقد أشـــرك)[٥٩] واتـە: هەرکەسـێك شـتێك هەڵبواسـتێت ئـەوە بەڕاسـتی هـاوەڵی بـۆ خـوا بڕیـار داوە. جـا ئـەی خوشك و برای ئازیز........ توخوا من بە ئێوە دەڵێم ئایا ئەو نوشـتە ( چوار گۆشەو سێ گۆشانەی ) کە هەندێك لـە پـارە پەیـدا کـەران بـە

(٥٧) رواه البخاري (٦٦٨٣).

(٥٨) بڕوانە: صحيح الجامع للشيخ الألباني رحمه الله (١٦٣٢) وفي سلسة الأحاديث الصحيحة (٣٣١).

(٥٩) بڕوانە: صحيح الجامع للشيخ الألباني رحمه الله (٦٣٩٤) وفي سلسة الأحاديث الصحيحة (٤٩٢).

ناوی دینەوە بۆ خەڵکی دەکەن کامەی ڕاستە لە کاتێکدا ئەگەر هەر ئەو نوشتەیە ببەیتەوە بۆ ئەوە نازانێت بیخوێنێتەوە کە چی تێدا نوسیوە، جگە لەوانەی کە هەندێکیان هاوار بۆ غەیری خوا دەکەن وەك ( یا محمد یا عەلی یا عومەر یا غەوس یا شێخ فلآنی فلآنە شوێن، یان چەند چوارگۆشەیەك دەکرێت یان کە وێنەی دوو شاخی ئاژەڵی تێدا دەکێشێت جا نازانم مەبەستی دوو شاخی شەیتانە یان ئەو دوو شاخەی ئاژەڵەی کە وەك بەرتیل بۆی دەبەن. بۆیە وەك تێبینیەك ..... چارەسەر کردن بە قورئان و سوننەت دروستەوە هیچی تێدا نیە بە مەرجێك نوسین و خوێندنەکان ( شتی هاوەڵ بڕیار دەری تێدا نەبێت بۆ خوا ) جا ئەوە بە خوێندن بێت بەسەر نە خۆشەکەدا یاخود بە نوسین بێت بیخوێنێتەوە یاخود بخوێنێت بە سەر ئاودا بۆی یان بە شێوەی گوێ بیست بوون لە کاسیەتی قورئان بە دەنگی قورئان خوێنە بە ڕێزەکان ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ( لا بأس بالرقى ما لم تكن شركا )[٦٠] .

واتە: هیچی تێدا نیە نوشتەیەك بۆ چارە سەرکرد ئەگەر ووشەی هاوەڵ بڕیار دانی بۆ خوا تێدا نەبێت .

---

(٦٠) رواه مسلم( ٢٢٠٠).

**هەژدەیەم:- پاك كردنەوەی ماڵ لە نەفرت كردن و جوێن دان**

ئەویش بەوەی کە ئیبلیس تاکە کەس بوو کە خوای گەورە ووشەی نەفرەتی بەسەردا دابڕی، هەربۆیە پێویستە خوشك و برای موسوڵمان بە هەموو شێوەیەك خۆی بپارێزێت لە ووتنی ئەم ووشەیەی کە دەبێتە هۆی خۆشحاڵ بوونی شەیتان، یاخود ووشەیەکی تر کە بەسەر زاری موسوڵمانانىدا دێت ئەویش جوێنە جا بەهەر شێوازێك بێت ئەمە درووست نیە: وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ﴾ [الحجرات : ١١] .

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە تانەو تەشەر و جوێن بەیەکتری مەدەن ،بەڕاستی ئەمە کارێکی خراپەو دەرچوونە لە فەرمانی خوا لە دوای ئەوەی کە باوەڕتان هێنابوو، جا هەرکەسێك تەوبە لەم جۆرە کارانە نەکات و نەگەڕێتەوە ئەوە لە ڕیزی ستەم کارانە. یاخود پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (سباب المسلم فسوق وقتاله کفر)[٦١].

---

(٦١) رواه البخاري (٤٨) ومسلم (٢١٨).

واتە: جوێن دان بە موسوڵمان لە دین دەرچوونە، وەشەڕکردنیش لە گەڵی بێ باوەڕیە. بەڕاستی نەنگی و شورەییە بۆ کەسانێ کە هەڵگری ئەم پەیامە پیرۆزە بن و خۆشیان بە شوێن کەوتەی ئەو رسول الله (ﷺ) بزانن پیشەیان جوێن دان بێت، بەتایبەتی دایکان و خوشکانی بەڕێز لە گەڵ ڕێزی زۆرم بۆ یان کە تێیاندا هەیە منداڵەکەی یان براکەی یان خوشکە بچوکەکەی دەداتە بەر جوێن و هەندێك جار وشەی لەعنەت بەکار دێنێت، نازانم ئەمە لە کوێی دیندا جێگای دەبێتەوە. وەبەڕاستی ئەم جۆرە کارانە پیشەی کەسی موسوڵمان نیە، بۆیە تا دەتوانی خۆتی لێ بپارێزە.

**نۆزدەیەم:- دوورکەوتنەوە لە خۆبەزل زانین و حەسودی**

ئەم دوو سیفەتە هەردووکیان کردارێکی زەمکراوی شەیتانین و باشترین هۆکاریشن بۆ خۆشحاڵ بوونی شەیتان، خۆبەزل زانین: خۆی لە خۆیدا نکوڵی کردنە لە حەق و ڕاستی و بە کەم تەماشا کردنی خەڵکیشە ن جا هەرکات مرۆڤ خۆی لێ گۆڕاو لە خۆی بایی بوو ئەوە ئەوە دەبێتە شەیتانی دووەم و هەمیشەش خۆی لە خەڵکی بەبەرزتر دەزانێت و هەروەك ئەم سیفەتەش بوو وای لە شەیتان کرد کە لە ڕەحمەتی خوای گەورە دەربچێت و تا ڕۆژی دوایش هەر بەم شێوەیە

بمێنێتەوە . خـوای گـەورەش دەفـەرموێت :- ﴿ وَلاَ تَمْشِ فِي الأَرْضِ مَرَحاً إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ الأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولاً ﴾[الإسـراء : ٣٧].

واتـە: لەسـەر زەویـدا بـە فیـزو خۆبـەزل زانینـەوە مـەڕۆ، چـونکە تـۆ ناتوانیت زەوی کون بکەیت بەو ڕۆیشتنەت ، هەروەها ناشتوانی باڵآت بگاتە هەورەکان. هەروەها پێغەمبەری خوا( ﷺ ) دەفەرموێت:( بينما رجل يمشي في حلة تعجبه نفسه، مرجل راسه، يختال في مشيته، إذ خسف الله به، فهو يتجاجل في الارض الى يوم القيامة )[٦٢].

واتە: لە کاتێکدا کە پیاوێك دەڕۆیشت بە سەر زەویدا بە پۆشاکێکی وا کە لە خۆی بایی بوو، وە قژی داهێنا بـوو، وە لـە ڕۆیـشتندا فیـزو لـە خۆبایی بوونی تێدا بەدی دەکرا، جـا خـوای گـەورە بـە نـاخی زەویـدا ڕۆی چوواند، وە تا ئێـستاش هـەر بـە زەویـدا دەچـێتە خـوارەوەو تـا ڕۆژی دوایی ئەوە حاڵی دەبێـت .هـەروەها سـیفەتێکی تـری شـەیتانی ئەوەیە کە مرۆڤ حەسـودبێت، بەڕاسـتی ئەمەشـیان نەخۆشـیەکی زۆر گەورەیـەو بڵاوەلـە نـاو کۆمەلاچـنی خەڵکدا وە هەرکەسـێکیش ئـەم جۆرە دەرد و نەخۆشیەی گرت ئەوە چارەسەرەکەی بە گران دەبێت، بۆیە هەر کەسێك کە حەسودی کردە بەرنامەی خـۆی ئـەوە بـەردەوام لـە هەوڵدایـە بـە لـە کـەدار کـردن و ناشـیرین کردنـی بەرامبەرەکـەی،

---

(٦٢) رواه البخاري ( ٥٧٩٠) ومسلم ( ٢٠٨٨).

وەهەمیشە خەریکی ڕەخنە گرتن و بەکەم زانینی بەرامبەرەکەیەت، بەڕاستی ئەمە پیشەیەکی زۆر خراپە خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ اَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَى مَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِه﴾ النساء /٥٤ .

واتە: ئەوە حەسودی بە خەڵك دەبەن لە کاتێکدا کە خوای گەورە ئەو فەزل وچاکەیەی پێ بە خشیوە .یاخود پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ( ولا يجتمعان في قلب عبد الايمان والحسد )[٦٣] .

واتە: بە هیچ شێوەیەك هەردوو سیفەتی ( باوەڕ ) و ( حەسودی ) لە دڵی بەندەیەکدا کۆ نابێتەوە.

**بیستەم:- باوێشکدان و گەڕانەوەی**

باوێشك دان لە شەیتانەوەیە، بۆیە مرۆڤ تاتوانی هەبێت نەهێڵێت یان بیگێڕێیتەوە بە دەست خستنە سە دەمی، چونکە باوێشك دەبێتە هۆی گۆڕانی دەم و چاوو تەمبەڵبوونی مرۆڤ وە هۆکاریشە بۆچوونە ناو لاشەی ئادەمیزادەوەو لە ڕێگەی دەمەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (التثاؤب من الشيطان ،فإذا تثاءب احدكم فليرده ما استطاع، فإن احدكم إذا قال: ها ، ضحك الشيطان )[٦٤] .

واتە: باوێشك دان لە شەیتانەوەیە تا دەتوانی مەهێڵەو بیگێڕەوە، چونکە لەو کاتەدا شەیتان پێت پێ دەکەنێت کە دەڵێی ها ....

---

(٦٣) صحيح الجامع ( ٧٦٢٠/٢ ).

(٦٤)رواه البخاري ( ٣٢٨٩) وابو داود ( ٥٠٢٨ ).

## ئەو سورت و ئایەت و ویردە تایبەتیانەی دەبنە هۆی ( دەرکردن و دوورکەوتنەوەی شەیتان )

**یەکەم:- ووتنی** أعوذ بالله من الشيطان الرجيم

ووتـنی ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا یـادێکی خـوای گەورەیـەو گـەورەترین چەکیشە بۆ بەرەنگاربووونەوەی شەیتان و دەست کـەوتنی پاداشـتی خواییشە ، هەروەها هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ دوورکەوتنەوەی شەیتان خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾[الأعراف : ٢٠٠].

واتـە: هـەرکات مـرۆڤ وەسوەسـەو خـەیاڵاتێکی خراپـی شـەیتانی بـۆ درووست بوو ئەوە با یەکسەر پەنا بگرێت بە خوا لە شەیتانی نەفرەت لێکراو. کەواتە قورئانی پیرۆزو خوێندنەوەشی کە بە خوێنـدنی ( أعوذ بالله من الشيطان الرجيم ) دە ست پێدەکەیت ئەویش مانای بەتەنگەوە هـاتنی تۆیـە تـا هەرلـە سـەرەتاوە سـێ پاداشـتت دەسـت بکـەوێت: یەکەمیان، ببێتە هۆی خۆپاراستن لەو شەیتانەی کە هەمیشە دەسـتی لە بینە قاقای مرۆڤدایەو هەرکات بیەوێت ڕاپێچی بکات بەرەو دۆزەخ. وەدووەمـیش، دەبێتــە هــۆی ئــەوەی کــە ســوود لــە خوێندنــەوەی قورئانەکە وەربگریت و لەو کاتەدا شەیتان نـەتوانێت بـە شـتی ئـەملاو ئـەولاوە بتخافڵێنێـت. وەسێیەمیش، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەو

ئایەتەی دەیخوێنی لە ناو دڵ و دەروونتدا بمێنێتەوە پارێزراوبێت.
هەربۆیە لە چەند کات و شوێنێکدا دروستە پەنا بگریت بە خوای گەورە لەوانە :-

١- لەکاتی هەست کردن بە درووست بوونی گومانێك کە بەرەو لەناوچوون و گومڕایی دەتبات وەك بیرکردنەوەلە خوای گەورەو میهرەبان .
٢- لە کاتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا .
٣- لەکاتی چوونە سەرئاودا .
٤- لە کاتی چوونە ناو نوێژەوە .
٥- لەکاتی بیستنی دەنگی گوێ درێژو سەگدا .
٦- لەکاتی توڕەبووندا .
٧- لەکاتی چونە دەرەوەی منداڵ لە شەودا و پەناگرتنیان .

**دووەم:- خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بە گشتی**

**پێغەمبەری خوا(ﷺ ) دەفەرموێت :** ( الذي يقرا القران وهو ماهر به مع السفرة الكرام البررة ......... )[٦٥] **واتە: ئەوکەسەی کە قورئانی پیرۆز دەخوێنێت بە شێوەیەکی جوان و ڕەوان، ئەوە لەگەڵ مەلائیکە پەیام گەیەنەرە بەڕێزەکاندا یە .**

(٦٥) رواه البخاري (٤٩٣٧)ومسلم (٧٩٨).

**سێ یەم:- خوێندنەوەی سورەتی الفاتحە**

(أن ناسا من أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم كانوا في سفر فمروا بحي من أحياء العرب فاستضافوهم فلم يضيفوهم فقالوا لهم هل فيكم راق؟ فإن سيد الحي لديغ أو مصاب فقال رجل منهم نعم فأتاه فرقاه بفاتحة الكتاب فبرأ الرجل فأعطي قطيعا من غنم فأبى أن يقبلها وقال حتى أذكر ذلك للنبي صلى الله عليه وسلم فأتى النبي صلى الله عليه وسلم فذكر ذلك له فقال يا رسول الله والله ما رقيت إلا بفاتحة الكتاب فتبسم وقال وما أدراك أنها رقية ؟ ثم قال خذوا منهم واضربوا لي بسهم معكم)(٦٦).

**واتە: هەندێك لە خەڵكی لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەفەرێكدا بوون پاشان بە لای نشینگەیەکی هۆزی عەرەبدا تێپەڕین ،ویستیان ببنە میوان لەوێ، بەڵام میوانداریان نەکردن، لەو کاتەدا یەکێکیان ووتی: ئایا کەسێکتان تیا نیە چارەسەر کەربێت چونکە گەورەی شوێنەکە شتێك پێوەی دابوو یان پێکرابوو، پاشان پیاوێك لە هاوەڵان ووتی: بەڵێ ،پاشان چوو (سورەتی الفاتحەی) بەسەردا خوێند و نەخۆشەکە چاك بووەوە و ئەوانیش وەك دیاریەك بەشە مەڕێکیان داپێی جا وەریان نەگرت و ووتیان تا پرس بە پێغەمبەری**

---

(٦٦) رواه البخاري (٢٢٧٦) مسلم (٥٦٩٧).

خوا ﷺ نەکەین وەری ناگرین، ئەوە بوو چوونە لای پێغەمبەری خوا ﷺ باسەکەیان بۆ گێڕایەوە ووتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەلآیی لە سورەتی فاتحە زیاتر هیچی ترم نەخوێند ،پێغەمبەری خوا ﷺ بزە خەندە گرتی و فەرمووی: تۆ چۆن زانیتت ئەوە دەبێتە چارەسەر؟ پاشان فەرمووی: بڕۆ بیبەو هەندێکیش بۆمن بهێنە .. یاخود أبی سعید ( خوالێی ڕازی بێت ) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا ( ﷺ)پێی فەرمووم: (ألا أعلمك أعظم سورة في القرآن قبل أن تخرج من المسجد ). فأخذ بيدي فلما أردنا أن نخرج قلت يا رسول الله إنك قلت ( لأعلمنك أعظم سورة من القرآن ). قال( { الحمد لله رب العالمين }. هي السبع المثاني والقرآن العظيم الذي أوتيته)(٦٧).

واتە:– ئایا فێرت نەکەم گەورەترین سورەتی قورئان پێش ئەوەی بچیتە دەرەوە لە مزگەوت، دەستی گرتم و کاتێك کە دەمانەویست بچینە دەرەوە، ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ ووتت، گەورەترین سورەتی قورئانت فێر دەکەم، پاشان فەرمووی(الحمد لله رب العالمين) کە ئەوە حەوت ئایەتە دووبارە بووەکەیە قورئانی پیرۆزەو کە هاتووە.

---

(٦٧) رواه البخاري (٥٠٠٦).

**چوارەم:- خوێندنی سورەتی البقرة**

لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خـوا ( ﷺ) دەفـەرموێت: (لا تجعلوا بيوتكم مقابر إن الشيطان ينفر من البيت الذي يقـرأ فيـه سـورة البقرة)(٦٨) .

واتە: ماڵەکانتان مەکـەن بـە گۆڕسـتان ، چـونکە شـەیتان لـەو ماڵـەدا ڕادەکات کە سورەی البقرە ی تێدا دەخوێنرێت

**پێنجەم:- ئایەتی کورسی**

ئیمامی ئەبو هورەیرە( خوای لیٚ ڕازی بێت )دەفەرموێت: پێغەمبـەری خوا (ﷺ) منی ڕاسپارد بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی مانگی ڕەمەزان، جـا کەسێك هاتـە لام و لـە خواردنەکـەی هـەڵگرت و ویـستی ببیـات بـەڵام منـیش گـرتم و ووتم بـەرت نـادەم و دەتبـەم بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئـەویش ووتـی: نـا توخـوا وازم لێبێنـە، چـونکە مـن زۆر پێویستم بەم خواردنە هەیەو کەسێکی هـەژارو دەسـت کـورتم، منـیش ڕێگـەم پـیٚ داو ڕۆیـشت، کاتێـك کـە بـەیانی بـووەو چـوومە خزمـەتی پێغەمبەری خوا ( ﷺ) ، پێغەمبەری خوا ( ﷺ) پێـی ووتم: هـا ئـەی ئەبا هورەیرە ئەوە چیت لـە گیراوەکـەی ئەمـشەو کـرد؟، منـیش ووتم

---

(٦٨) رواه مسلم (١٨٢١) **بروانە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني رحمه الله (٧٢٢٧).

ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو ئاوای ووت و منیش بەرەڵام کرد، ئیتر پێغەمبـەری خـوا(ﷺ ) فـەرمووی: ئـەو درۆ دەکـات و ئەمـشەویش دێتـەوە بـۆلات، جـا منـیش وەك جـاری پێـشوو چـاوەڕوانم دەکـرد و کاتێکم زانی هاتەوە، لـە خواردنەکـەی هـەڵگرت و ویـستی ئـەمجاریش بـڕوات ،بـەلام ڕێـم پـێ نـەداو پـێم ووت: دەتبـەم بـۆلای پێغەمبـەری خوا(ﷺ)، زۆر پاڕایەوەو پێی ووتم بەس ئەوەم لەگەڵ مەکە و ئەمجار بـەرم دەئـیتر نایەمـەوە تـەواو، منـیش زۆر بـەزەیم پێیـدا هاتـەوەو بەرەڵام کرد و ڕۆیشت، جا کە بەیانی چوومەوە خزمـەتی پێغەمبـەری خوا ( ﷺ) بەهەمان شێوە پێـی ووتم هـا ئـەی ئـەبا هـورەیرە ئـەوە چیت لە گیراوەکەی ئەمشەو کرد؟ منـیش ووتم ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ ) زۆر پاڕایەوەو بەرەڵام کرد ، پێغەمبەری خوا (ﷺ ) پێی ووتم : ئەی ئەبا هورەیر بزانە کە ئەمشەویش دێتەوە بـۆلات ، چـونکە ئـەو درۆ دەکات، بۆیە کاتێك کە گەڕامـەوە چاوەڕوانم کـرد تـاکو هاتـەوە، منیش ئەمجارە توند گـرتم و پێـیم ووت: تـازە بـەرت نـادەم و بـەرزت دەکەمەوە تا دەتبەمە لای پێغەمبەری خوا( ﷺ) ئینجا ووتـی: ئـەی ئـەبو هـورەیرە، وازم لێبێنـەو ئـەمجارە پـەیمان بێـت نایەمـەوە، ئامۆژگاریەکیشت دەکەم کە شتێکە پێت دەڵێم ؟؟ ! ! منـیش ووتم

ئادەی ئەوە چی یە ؟ ووتی هەرکات چوویتە سەر جێگەی خەوتن ( ئایەتی کورسی ) بخوێنە، هەرگیز (شەیتان) ناتوانێت لێت نزیك بێتەوە و ئەو شەوەش لەژێر چاودێری خوادا دەبیت، جا منیش کە ئەو ئامۆژگاریەم لێ بیست یەکسەر بەرەڵام کرد ،کاتێك کە بەیانی بووەوە چوومەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا ( ﷺ) پێی ووتمەوە ها ئەی ئەبا هورەیرە چیت لە گیراوەکە کرد ؟ منیش ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ ) ئەو شتێکی فێرکردم و ئامۆژگاریەکی کردم کە ئایەتی کورسی بخوێنم لە شەودا پارێزراو دەبم لە شەیتان، بۆیە منیش بەرەڵام کرد ، جاپێغەمبەری خوا( ﷺ)فەرمووی: ((ڕاستی کرد لە گەڵ تۆدا بەڵام بۆ خۆی درۆزنە )) ئەی ئەبا هورەیرە ئایا زانیت ئەوە کێ بوو ؟ ووتم خوای گەورە پاشان پێغەمبەرەکەی ( ﷺ) باشتر دەزانن، ووتی: دەی ئەوە شەیتان بوو. (٦٩)

(٦٩) رواه البخاري (٥٠١٠)

**شەشەم:- دوو ئایاتی کۆتایی سورەتی البقرة**

**پێغەمبەری خوا( ﷺ) دەفەرموێت:-** (من قرأ هاتين الآيتين من آخر سورة البقرة في ليلة كفتاه)[٧٠] **واتە: هەرکەسێك دوو ئایاتی کۆتایی سورەی البقرە بخوێنێت لە شەودا ئەوە بەسیەتی و پارێزراوە .إبن الحجر ( ڕەحمەتی خوای لێبێت ) دەفەرموێت: واتە وەك ئەوە وایە کە ئەو کەسە سەرانسەری ئەو شەوە شەو نوێژی کردبێت و لەو شەو نوێژەشدا هەمووقورئانی خوێندبێت وە پاداشتی ئەو قورئان خوێندنەشی بۆ هەیە .**

**حەوتەم:- خوێندنی هەردوو سورەی** ( الفلق و الناس )

(ألم تر آيات أنزلت الليلة لم ير مثلهن قط ؟ قل أعوذ برب الفلق وقل أعوذ برب الناس)[٧١] .

**واتە: عوقبەب کوڕی عامر ( خوا لێی ڕازی بێت ) فەرمووی پێغەمبەری خوا (ﷺ ) فەرموویەتی: ( ئایا چەند ئایەتێکتان پێ نەڵێم کە لەم شەوەدا دابەزیوە و هیچ شتێکیش بە وێنەی نیە ؟ ئەویش** ( قل اعذبرب الفلق ، قل اعوذبرب الناس ) .

---

(٧٠) رواه البخاري (١٨٨٥) مسلم (١٨٧٧).

(٧١) رواه مسلم (١٨٨٨) **بروانە:** صحيح الجامع للشيخ الألباني رحمه الله (١٤٩٩)

**هەشتەم:- خوێندنی ویردی چوونە دەرەوە لە ماڵ**

(من قال إذا خرج من بيته : بسم الله توكلت على الله لا حول و لا قـــوة إلا بالله يقال له : كفيت و وقيت و تنحى عنه الشيطان)(٧٢).

**واتە: بەناوی خوا، پشتم بە خوای گەورە بەست و هیچ گـۆڕان و هێـزو دەسەلاّتێك نیە مەگەر بە خـوای گـەورەوە نـەبێت. هـەرگیز لـە کـاتی چـوونە دەرەوەتـدا خوێنـدنی ئـەم ویـردەت لـە بـیر نەچـێت، چـونکە هەرکەس ئەمـە بخـوێنێ ئـەوا پێـی دەوترێـت: ( ڕێنومـوێنی کرایـت و بەستە  پارێزارویش دەبیـت، وە شەیتانیـشی لـێ دوور دەخرێتـەوەو، شــەیتانێکی تــر بــەم شــەیتانە دەڵێــت: تــۆ چ دەســەلاّتێکت بەســەر بەندەیەکدا هەیە کە ڕێنوموێنی کرابێت و پارێزراو بێت.**

**نۆیەم:- ئادابی ماڵ و منداڵ پاراستن**

(إذا كان جنح الليل  هذا الحديث فيه جمل من أنواع الخير والآداب الجامعة لمصالح الآخرة والدنيا فأمر صلى الله عليه وسلم بهذه الآداب التي هي سبب للسلامة من إيذاء الشيطان وجعل الله عز وجل هـــذه الأســـباب أســـبابا للسلامة من إيذائه فلا يقدر على كشف إناء ولا حل سقاء ولا فتح بـــاب ولا إيذاء صبي وغيره إذا وجدت هذه الأسباب وجنح الليل بضم الجـــيم

(٧٢) **بروانە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني رحمه الله (٦٤١٩)

وكسرها لغتان مشهورتان وهو ظلامه ويقال أجنح الليل أي أقبل ظلامه وأصل الجنوح الميل فكفوا صبيانكم)(٧٣).

**واتە: ئەگەر شەو داهات، یان ئێوارە تان بەسەردا هات منداڵەکانتان بگرنەوە لە یاری کردن و کۆڵان، چونکە شەیتان لە وکاتەدا بڵاو دەبنەوە، وەکاتێك لە شەو ڕۆیشت وازیان لێبهێنن، وەدەرگاکان دابخەن و ناوی خوا بهێنن، چونکە شەیتان دەرگایەکی داخراو ناکاتەوە، وە دەمی مەشکەو کوندەکانتان بە پەت ببەستن و ناوی خوا بهێنن ، وەسەری قاپەکانتان بنێنەوەو داپۆشن و ناوی خوا بهێنن ،ئەگەرچی شتێکی بچووکیش بێت بیخەنەسەری، وە چراکانیشتان بکوژێننەوە.**

**دەیەم:- پەناگرتن بە ووشە تەواوەکانی خوا**

(أعوذ بكلمات الله التامة من كل شيطان وهامة)(٧٤).

**واتە: پەنا دەگرم بە ووشە تەواوەکانی خوای گەورە لەهەموو شەیتانێك و گیاندارێکی ژەهرداری زیان بەخش .**

---

(٧٣) رواه البخاري (٣٢٨٠ ) ومسلم (٥٢١٨) .

(٧٤) رواه البخاري (٣٣٧١).

لا إله إلا الله محمد رسول الله

## پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

(إن الشيطان قال: و عزتك يا رب لا أبـــرح أغـــوي عبادك ما دامت أرواحهم في أجسادهم فقال الـــرب: وعزتي وجلالي لا أزال أغفر لهم ما استغفروني)[٧٥].

**واتە: شەیتان ووتی: ئەی پەروەردگار سوێند بێت بە عیززەت و شکۆمەندی تۆ بەردەوام لە گومڕاکردنی بەندەکانی تۆ وازناهێنم هەتاکو گیان لە لاشەیاندا مابێت، خوای میهرەبانیش فەرمووی: سوێندبێت بە عیززەت و شکۆمەندی خۆم منیش بەردەوام لێیان خۆش دەبم هەتاکو داوای لێ خۆشبوونم لێ بکەن.**

أَسْتَغْفِرُ اللهَ  أَسْتَغْفِرُ اللهَ  أَسْتَغْفِرُ اللهَ

---

(٧٥) **بڕوانە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني رحمه الله (١٦٥٠)

## دوژمنەکەت بناسە !

خوشك و برای بەڕێزم .........بۆ ئەوەی باشترو بەرچاوڕوونتر دوژمنە سەرسەخت و کارامەو فێڵ زان و دێرینەکەی خۆمان بناسین ، بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای ناوو سیفەت و هەڵسووکەوت و چۆنیەتی ئەو دوژمنە پەنهان و حەسوودو چاو چنۆکە بین ، فەرموو با پێکەوە خوێنەری ئەم پێناسی باری کەسێتیەی بین کە ناوو ناونیشانی هاتووە ، لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا .

**ناوی تەواوی** : إبلييس ( ئەهريمەن ، نائومێد و بێ هيوا )

**شوێنی نیشتە جێی** : دڵە بێ ئاگاکان لە یادی خوای گەورە .

**هۆزو عەشیرەتی** : لە سنوور دەرچووەکان

**دوا شوێنی هەمیشەیی** : دۆزەخ خراپترین شوێن

**پلەی ژیانی** : لە سنوور دەرچوو بە پلەی یەکەم

**شوێنگەی دونیای** : ئەو جێگەیەی ناوی خوای لێ نەبرێت

**ڕێگەی سەفەری** : گێڕو گەواڵ

**سەرمایەی ژیانی** : هەواو ئارەزووەکان

**دانیشتگەی** : بازاڕەکان

**دوژمنی ڕێگەی** : موسوڵمانان

**بە ڵگەی بینینی** : چەوت بینی

**دروشمی کاری** :   دووڕوویی

**پۆشاکی کاری** :   هەمووجۆرە ڕەنگێك بەپێی گونجان

**خێزانەکانی** :    پۆشتە ڕووتەکان

**خۆشەویستانی** :   ژن تەڵاق دەرەکان

**دڵتەنگ بووانی** :   داوای لێ خۆش بوو کەران

**جۆری نوسینی** :    خاڵ کوتین

**ماڵی هەمیشەیی** :   ئاو دەست و حەمام

**چۆنیەتی ژیانی** :    ڕاڕاو دوو دڵ

**سەرەتای دەرکەوتنی** :  ئەو ڕۆژەی سەجدەی نەبرد بۆ ئادەم

**سەرچاوەی ڕزق و ڕۆزی** :  ماڵی حەرام

**ژووری کرداری** :   شوێنی پیس و سەرپێچی لێکراو

**خزمەتی کاری** :  فەرمان کردن بە خراپەو قەدەغەکردن لە چاکە

**فەرمانەکانی** :   فەرمان کردن بە بەدڕەوشتی

**ئایـــنی** :      بێ باوەڕ

**پیشەی** :    بەڕێوەبەری گشتی ڤین لێ گیراوان و گومڕایان

**ماوەی خزمەتی** :   هەتاکو ڕۆژی دوایی

**ڕێگەی سەفەری** :   بەرەو دۆزەخ

**قازانجی بازرگانی** :   تۆزی بەربا

**هاوەڵانی ڕێگەی** :   شەیتانەکانی جن و مرۆڤ

**هاورێیانی کاری :** بێ دەنگ لە ئاست ڕاستید

**جۆری سواری :** درۆ

**کرێی سواری :** پاداشتی شوێن کەوتوانی

**ئامێری پەیوەندی :** غەیبەت و دووزمانی و سیخوڕی

**باشترین خواردنی :** گۆشتی مردارەوە بوو

**ترسێنەری ڕێگەی :** باوەڕداران

**ڕق لێبووانی :** یادی خوا کەران لە ئافرەتان و پیاوان

**بەرگری کردنی :** فێڵی شەیتان لاوازە

**نێچیری ڕاوی :** ئافرەتان

**ئارەزووی :** دەرچوون و گومڕاکردن

**ئارام بوونەوەی :** بێ باوەڕکردنی خەڵکی بە گشتی

**کۆتایی هاتنی :** کاتی دیاری کراوی زانراو لای خوای گەورەو زانا

**چاکترین کار بەلایەوە :** نێربازی و خۆلەیەك خشاندن ( مساحقە )

**ووشەی نهێنی :** ( من )وششەی خۆ بەزل زانان

**هونەرمەندانی :** گۆرانی بێژان و مۆسیقا ژەنان و سەما کەران

**پەیمان و بەڵێنی :** پەیماندانی درۆ بە هەژارکردنی خەڵك

**ئەوەی زۆر ئەیگرێنیٚ :** زۆرسوجدە بردن بۆ خوای گەورە

وقاية الانسان من الجن والشيطان(ص ٤٠٥- ٤٠٧)

وحيد عبدالسلام بالي

**لە کۆتـایدا .........**

**وتاری (شە یطان) لەناو دۆزەخدا بۆ دۆزەخی یەکـان .**

خوێنەری ئازیز ..... وانەزانی شەیتان تـەنها لـە دونیـادا دوژمنایـەتی خۆی دەردەخات بۆ مرۆڤ نەخێر ، بەڵکو ئەوەتا دوای ئەوەی ئـەویش وەك هەر مرۆڤێ یان جنیەك دەبێت کۆتـایی بـە ژیـانی بێـت و بمرێـت دوای ئـەوەی ئـەو دەچـێتە دۆزەخ و بـۆ هەمیـشەیش هــەر لـە وێـدا دەمێنێتەوە، لەوێش گاڵتە بە شوێن کەوتوانی لە مرۆڤ و جن دەکات و لە شوێنی خۆی کە لە سەر مینبەرێکی ئاگرین دانیشتووەو کەئەمـەش سەر شۆڕترین جێگەیە بە لای شەیتانەوە، لـە وێـدا وتارێـك بـۆ شـوێن کەوتوانی دەدات ، کە ئەم وتارەش زیاتر سـزای ئەوانـە زیاددەکـات و دڵ تەنگی و دەروون بەزیوی ڕوویان تێ دەکات و ئەوەندەی تر ئازارو ناخۆشیە کانیان زیـاتر دەبێـت ، ئـەوەتا خـوای گـەورە دەفـەرموێت:

﴿ قَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الأَمْرُ إِنَّ اللّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَـــدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَانٍ إِلاَّ أَن دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلاَ تَلُومُونِي وَلُومُواْ أَنفُسَكُم مَّا أَنَاْ بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّـــي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ إِنَّ الظَّـــالِمِينَ لَهُـــمْ عَـــذَابٌ أَلِـــيمٌ ﴾ [إبراهيم : ٢٢] .

واتە: ئەو کاتەی کە کارو باری ڕۆژی لێ پرسینەوە یەکلایی بووەوە، کۆ مەڵی بەهەشتیەکان چوونە ناو بەهەشت و کۆمەڵی دۆزەخیەکلن چوونە ناو دۆزەخ ، ئینجا شەیتان ووتارێک دەدات و دەڵێت: کاتێک کار تەواو بوو بێگومان خوای گەورە بەڵێنی ڕاست و دروستی پێ دابوون کە بریتی بوو لە زیندووبوونەوەو لێپرسینەوەو چوونە بەهەشت و چوونە دۆزەخ ، وە من ( شەیتان ) بەڵێنم پێدان ، بەلاّم درۆم لە گەڵتان کرد و نەمبردە سەر، وە من هیچ دەسەلاّتێکم بەسەرتاندا نەبوو تەنها ئەوە نەبێت کە من بانگم کردن ( بۆگومڕایی ) وە ئێوەش وەلاّمتان دامەوە، جا ئێستا لۆمەی من مەکەن، بەڵکو لۆمەی خۆتان بکەن وە ئیتر من ناتوانم بێم بە هاوارتانەوەو ڕزگارتان بکەم وە ئێوەش ناتوانن بێن هاواری منەوەو ناشتوانن ڕزگارم بکەن ،بەڕاستی من بێ باوەڕ و سپڵە بووم بەوەی کە پێشتر لە دونیادا منتان کردبوو بە هاوبەش بۆ خوای گەورەو ستەم کارانیش سزای بەئێشیان پێدەبڕێت .)[٧٦]

---

(٧٦) **بروانە:** مختصر تفسير إبن كثير (٢/٢٦٩).

سوپاس بۆ پەروەردگار تەواو بووم لە نوسینەوەی لە ٢٠٠٨/٦/٢٠

﴿دعْوَاهُمْ فِيهَا سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلاَمٌ وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ يونس : ١٠.

## سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە

١) القرآن الكريم.
٢) مختصر تفسير ابن كثير/ عمادالدين أبي فداء إسماعيل إبن كثير
الطبعة الأولى مكتبة صفا /١٤٢٥ هـ .
٣) صحيح البخاري / أبو عبدالله بن إسماعيل البخاري الطبعة الثالثة/ ١٤٢٨ هـ
٤) صحيح مسلم / مسلم إبن الحجاج النيسابوري، الطبعة الثالثة /١٤٢٨ هـ .
٥) صحيح الجامع الصغير وزيادته/ الشيخ: محمد ناصرالدين الألباني(رحمه الله).
مكتبة الإسلامي طبعة الثالثة / ١٤٠٨ هـ .
٦) شرح رياض الصالحين/ للشيخ العلامة: محمد بن صالح العثيمين(رحمه الله).
الطبعة الأولى/ ١٤٠٧ هـ .
٧) الاذكار/ أبي ذكريا يحيى بن شرف النوو
٨) وقاية الانسان من الجن والشيطان/ وحيد عبدالسلام بالي
٩) عالم الجن والشياطين/ الدكتور عمر سليمان الاشقر
١٠) الاسباب التي يعتصم بها العبد من الشيطان / عبدالله بن الجارالله.
١١) قەڵای موسڵمان. حەمزە بەرزنجی
١٢) قەڵغانی موسوڵمان بۆ خۆ پاراستن / طارق محمد ئەمین
لە پیلانەکانی جنۆکەو شەیتان.
١٣) ئەمانەو چەندین سەرچاوەی تر ... خوا پاداشتیان بداتەوە.

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێ بوونەوەی ئیمان
imanonekurd@yahoo.com